له چاپکراوەکانی
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق
لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا (١)

# پە روەردە و فێرکردن
# لە چەند وڵاتێکی فیدرالی دا

د.رۆژان عەبدولقادر دزە یی
ئەندامی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق

هەولێر- کوردستان
٢٠٠٨

٣٧٠
دزەیی، رۆژان عبدالقادر
پەروەردەو فێرکردن لەچەند وڵاتێکی فیدرالی دا /
رۆژان عبدالقادر دزەیی، چ١، هەولێر، پەرلەمانی
کوردستان – لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا
(١)، (چاپخانەی شەهاب)، ٢٠٠٨.
١٢١ لاپەڕە
١- فێرکردن ا. دەستوور ب. ناونیشان

پە روەردە و فێرکردن لە چەند وڵاتێکی فیدرالی دا.
د.رۆژان عەبدولقادر دزەیی/ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.
دیزاین: شوان علی حاجی
ساڵی چاپ: ٢٠٠٨
تیراژ:١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی
(١١٩٠) ساڵی (٢٠٠٨)ی پێدراوە

چاپخانەی شەهاب – هەولێر

# پێشەکی

سستمی فیدرالی چارەسەری زۆر لە کێشە سیاسیەکان دەکات، واقیع و ئەزموون سەرکەوتنی سەلماندووە، ئەگەر چی لە زۆربەی ئەم وڵاتانەی کە بەم سستمەیان وەرگرت نە یارانی زۆر زیاتر بوون لەوانەی کە پشتگیریان دەکرد و بەڵگەیان ئەوە بوو کە ئەم سستمە هەڕەشە لەسەر دەوڵەت وئاسایشی هەریم دەکات و یەکێتی میللەت دەکەوێتە مەترسیەوە.

فیدرالیزم واتە هەر هەرێمێك لە دەوڵەت دا ماڧ بەڕێوەبردنی کارەکانی تایبەت بەخۆیەوە هەیە بە هۆی چەند خەسڵەتێکی دیاریکراو وەك: نەتەوە، ئایین، مەزهەب، یا ناوچەی جوگراڧ لەگەڵ مانەوەیان لە ناو سنوورەکانی دەوڵەتی یەکگرتوو(اتحادی) دا.

عێراق دەوڵەتێکی سادە بوو، سیمای ئەم جۆرە دەوڵەتانە یەك دەسەلأت هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ ودەرەوە، یەك دەستوور لە سەرتاسەری وڵات پیادە دەکرێ و سەروەرییێکی یەکگرتوو، یەك دەسەلأتی یاسادانەر و دەسەلأتێکی جێبە جێکردن ویەك دەسەلأتی دادوەری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە. عێراق لە دەوڵەتێکی سادە (١٩٢١–٢٠٠٣) گۆڕا بۆ دەوڵەتێکی یەکگرتوو (اتحادی) لە ساڵی ٢٠٠٤، کە جیادەکرێتەوە بە دابەش

کردنـــی دەســـەڵات لـــە نێـــوان حکومـــەتی یـــەکگرتوو وحکومـــەتی هەرێمـەکان کـە هەریـەك لـە هەرێمـەکان دەسـتووری تایبـەتی خـۆی هەیـە بـە مـەرجێك نـاکۆکی دەسـتووری فیـدرالی نـەبێت، حکومـەت ویاسـای تایبـەت بـە خـۆی و هـەروەها دەسـەڵاتەکانی یاسـادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، واتە دەسەڵاتەکان دابەش دەکرێن بەپێی جۆری یەکگرتنەکە.

دەستووری یەکگرتووی فیدرالی زۆر جار دەسەڵاتی هەرێمەکان وئـەو پرسـانە دیـاری دەکـات کـە لـە دەسـەڵاتی هاوبەشـی نێـوان دەوڵەتی یەکگرتوو و هەرێمەکان دا و هەروەها ئەم دەسەڵاتانەی کە دەکەوێتـە دەسـەڵاتی تایبـەتی(حـصری) دەوڵـەتی یـەکگرتوو، بـە واتایـەکی تـر چـۆنیەتی دابـەش کردنـی دەسـەڵاتەکان لـە نێـوان حکومەتی گشتی و حکومەتی هەرێمەکان.

دابەشـــکردنی دەســـەڵات لـــە نێـــوان حکومـــەتی یـــەکگرتوو وحکومـەتی هەرێمـەکان دا یەکێکـە لـە گـرنگترین خەسـڵەتەکانی سستمی فیدرالی، ئـەو دەوڵەتانـەی کـە سـستمی فیدرالیـەت پـەیڕەو دەکـەن شـێوازی جیـاواز دەگرنـە بـەر بـۆ دابەشـکردنی دەسـەڵات لـە نێوان حکومەتی یەکگرتوو و حکومـەتی هەرێمـەکان، بـۆ ئەمـەش بـە گشتی سێ شێواز هەیە کە ئەمانەی خوارەوەن:

**شێوازی یەکـەم_دیـاریکردنی دەسـەڵاتەکانی دەولـەتی فیـدرالی بە شێوەیەکی تایبەتی (حەصری) لە دەستووری فیدرالی دا:**

بە پێی ئەم شێوازە دەستوور دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدرالی دیاری دەکات و هەر پرسێك یاخود بابەتێك باسی لێوە نەکرێ ئەوە لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەکان دەبێت (وەك یاسای بەڕێوەبردنی دەولەتی عێراقی بۆ ماوەیەکی کاتیT.A.L و دەستووری سویسرا).

**شێوازی دووەم_ دیاریکردنی دەسەڵاتی هەرێمەکان بە شێوەیەکی تایبەتی (حەصری):**

ئەمەش پێچەوانەی شێوازی یەکەمە، لە دەستووری فیدرالیدا دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێم یا هەرێمەکان دیاری دەکرێت و ئەوەی باسی لی نەکرابێ دەکەوێتە دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی (وەك دەستووری کەنەدا).

**شێوازی سێیەم_ دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی تایبەتی (حصری) هەریەك لە حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمەکان لە دەستوور:**

ئەم شێوازە تێکەڵکردنی هەردوو شێوازی یەکەم و دووەمە هەروەکوو لە (دەستووری ئەلمانی) دا.

چەندین رەخنە لە هەر سێ شێوازەکە گیراون، بەڵام هەر یەك لەم شێوازانە لایەنی پۆزەتیف و نیگەتیفی هەیە و دەستووری هەر وڵاتێك یەکێك لەم شێوازانەی وەرگرتووە.

ئەوەی گرنگە لێرە پرسی پەروەردە و فێرکردنە لەو وڵاتانەی کە سستمی فیدرالیزم تیایاندا پەیڕەو دەکرێت. بابەتەکەمان

بەراوردکاریــە لــە نێـوان دەســتووری وڵاتــان _ نــەوەك دەســتووری هەرێمــەکان_ هــەروەها دســتووری کۆمــاری عێــراق و پــڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، بە پێی ئەم پلانەی خوارەوە:

١. پەروەردە و فێرکردن لە دەستووری چەند وڵاتێکی فیدرالی دا.
٢. پــەروەردە و فێرکــردن لــە دەســتووری کۆمــاری عێــراق ســاڵی ٢٠٠٥ دا.
٣. پەروەردە و فێرکردن لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دا.

## ١- پەروەردە و فێرکــردن لــە دەســتووری چــەند وڵاتێکــی فیدرالی دا :

پــەروەردە و فێرکـردن لـە هـەموو مـاوەی مێـژووی مرۆڤایەتیـدا یەکێك لە پێداویستیە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگایان بووە.

فێرکــردن مــاف و ئــەرکی هــەموو هاوڵاتیەکـە و بایەخـدان بـە پەروەردە و فێرکردن گەیشتە ئاستی تەرخانکردنی چەندین بەند و برگـە بـۆ ئـەم پرسـە لـە دەسـتووری وڵاتـان دا، فێرکـردن یەکێکـە لـە مافــە بنەڕەتیــەکان کــە لــە جــاڕی گــەردوونی مــافی مــرۆڤ ١٩٤٨ چەسپێندراوە لە بەندی (٢٦) دا هاتووە کە :

"١- هەموو کەس مـافی فێربـوونی هەیـە و دەبـێ بـەلای کەمـەوە پلـە ســەرەتایی و بنەڕەتییــەکانی خوێنــدن بــە خــۆڕایی بــن و دەبــێ

خوێندنی سەرەتایی بە زۆر بێت و خوێندنی هونەری و پیشەییش بلاّو بکرێتەوە و وەرگرتن لە خوێندنی بەرز، بە یەکسانی تەواو بۆ هەمووان و بە پێی توانست ئاسان بکرێت.
٢-دەبێ پەروەردە پێگەیاندنێکی تەواوی کەسایەتی مرۆڤ و پتەوکردنی رێزی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و گەشە پێدانی لە یەك تێگەیشتن و چاوپۆشیکردن و دۆستایەتی لە نێوان هەموو گەلان و کۆمەڵە رەگەزیی یان ئایینیەکاندا و زێدە کردنی کۆششی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئاشتی، بێت.
٣- باوکان و دایکان خاوەنی ماف یەکەمن لە هەڵبژاردنی شێوەی پەروەردە کردنی منداڵەکانیاندا".

لەبەر گرنگی پەروەردە وفێرکردن و ڕۆلیان لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، ئەم بابەتە لە دەستوور ڕێکخرا، بۆیە ئاماژە بەو دەقە دەستووریانە دەکەین کە تایبەتن بە ڕێکخستنی پەروەردە وفێرکردن لە هەندێك لە ولاّتە فیدرالیەکان وەك: سویسرا وبەلژیك وباشووری ئەفریقیا و بۆسنیاو هرسگۆفینیا وهەروەها شیکردنەوەی دەقەکان بەم شێوەی خوارەوە:

## ١-١- پەروەردە و فێرکردن لە دەستووری یەکێتی سویسرا ساڵی ٢٠٠٠[١]:

حکومەتی ناوخۆ تەوەری سەرەکی سستمی سیاسیە لە سویسرا دا. سەبارەت بە کەرتی فێرکردن دەسەڵاتەکان دابەش دەکرێن لە نێوان کۆنفدراڵی و کانتۆنەکان[٢] وشارەوانیەکان، وەزیری پەروەردەو خوێندنی باڵا لە سەر ئاستی دەولەتی فیدرالیدا نیە و کانتۆنەکان بە شێوەیەکی تایبەت بەرپرسیارەتی تەواویان هەیە لەم بوارە دا.

---

(١) یەکێتی سویسرا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢١ و یەکەم دەستوور لە سویسرا دەرچوو لە ساڵی ١٨٠٣ و گوڕدرا بە ڕێککەوتنامەی یەکگرتوو ساڵی ١٨٥١ و لە پاشان دەستووری یەکگرتوو ساڵی ١٨٤٢ و دەستووری ساڵی ١٨٧٤ و دەستووری ئێستا کە لە ساڵی ٢٠٠٠ دەرچووە.

(٢) لە بەندی (١) ی دەستووری یەکێتی سویسرا لە (دەروازەی یەکەم –بنچینە گشتیەکان) دا هاتووە :"١- یەکێتی سویسری: یەکێتی سویسری پێك دێت لە میللەتی سویسری و ئەو کانتۆنانە: : زیورخ، بیرن، لوتزرن، ئوری، شفیتز، ئوبفالدن ویندفالدن، جلاریس، تزوج، فریبورج، سولوتورن، شاری بازل وگوندەکانی، شافهاوزن، ابترلرود دەرەوە و ناوخۆ، سانت جالین، جراوبوندن، ئێرجاو، تورجاو، تسین، فو، فالی، نیوشاتیل، جنیف وجورا".
لە بەندی (٣)ی ئەم دەستوورە دا هاتووە کە:"کانتۆنەکان سەروەری خۆیان هەیە مەگەر دەستووری مەرکەزی لێی کەم بکاتەوە، کانتۆنەکان هەموو مافێکیان هەیە کەلە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکزی دانەبێت".

پرسـی پـەروەردە و فێرکـردن لـە دەسـتووری سویـسری بایـەخێکی تـەواوی پێدراوە، ئـەم دەستوورە زیاتر لـە یـەك بەنـدی تەرخان کردووە بۆ ڕێکخستنی ئەم پرسە.

کانتۆنەکان و شارەوانیەکان بەرپرسیارەتیەکی تـەواویان هەیـە لە ڕێکخستن و دارایـی کـەرتی خوێنـدنی سـەرەتایی. هـەر کانتونێك ئـازادە لـە دەرکردنـی یاسـای تایبـەت بـە پـەروەردە و فێرکـردن، لـە برگـەی یەکـەمی بەنـدی (٦٢)ی تایبـەت بـە پرسـی پـەروەدە دا هـاتووە:" کانتۆنـەکان بەرپرسن لـە کاروبـاری فێرکـردن"و لـە برگـە دووی هەمان بەند دا هاتووە کە:" کانتۆنەکان خوێندنی بنەڕەتی بۆ هـەموو منـداڵێك دابین دەکـەن و بە پێـی پێویـست و دەبێـت بـە زۆر بێـت و لـە ژێـر بـەڕێوەبردن و چاودێری دەولـەت دەبێـت.خوێنـدنی بنەڕەتی بە خۆڕاییە لە قوتابخانە گشتیەکان....".

لـە بەنـدی (١٩) دا هـاتووە کـە:"دەسـتوور مـاف فێرکردنـی سـەرەتایی و بـە خـۆڕایی مـسۆگەر دەکـات". بەنـدی (٢٠) :" دەسـتوور مـاف وانـە گوتنـەوە و توێژینـەوەی زانـستی مـسۆگەر دەکات" بەندی (٤١) :" جگە لـە بەرپرسیارەتی کەسـی، دەولـەت و کانتۆنەکان کار دەکەن بۆ دابین کردنی: ............و- منداڵ و لاو هەموو ئەو کەسانەی کە لـە تەمـەنی کارکردن دان بێبـەش نـەبن لـە خوێندنی بنەڕەتی و بەردوام کە لەگەڵ توانایان دەگونجی[٧]".

دەسـتور مـاف دەرکردنـی یاسـای تایبـەت بـە فێرکردنـی دا بـە کانتۆنـەکان (بەنـدی ٦٢)، خوێنـدنی پیـشەیی جـودا کـردەوە لـە

دەسەڵاتی کانتۆنەکان و دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دەولەتی فیدرالی، هەروەك لە بەندی (٦٣) دا هاتووە:

**" ١-دەولـەتی مەرکـەزی یاسـای تایبـەت بـە خوێنـدنی پیـشەیی دەردەکات.**

**٢-دەسەڵاتی مەرکەزی چاودێری قوتابخانە هونەریە باڵاکان دەکات و مـافی دامەزرانـدن و بـەڕێوەبردن و پاڵپـشتی قوتابخانـە باڵاکـان و هــەر دەزگایــەکی خوێنــدنی تــری هەیــە وەکــو مــەرجێك بــۆ پاڵپشتیکردن دەبێ هەماهەنگی تەواو هەبێت".**

هەروەها بابەتی توێژینەوەی زانستی لە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی دایە، لە بەندی (٦٤) دا هاتووە کە :

**" ١- حکومەتی مەرکەزی پاڵپشتی توێژینەوەی زانستی دەکات.**

**٢-حکومــەتی مەرکــەزی دەتوانێــت بــۆ پاڵپــشتیکردن مــەرجی هەماهەنگی پێویست دابنێت.**

**٣-حکومەتی مەرکەزی بۆی هەیـە سـەنتەری توێژینـەوەی زانستی دامەزرێنی یا بەڕیوەی ببات یا چاودێری بکات".**

لە بەندی (٦٦) دا هاتووە:

**" ١-حکومـەتی مەرکـەزی دەتوانێـت بەشـداری بکـات لـە خـەرجی خوێندن یا ئەو یارمەتیانەی کە کانتۆنەکان دابینی دەکەن.**

**٢- حکومەتی مەرکەزی دەتوانێت ڕێ و شوێنی راستەوخۆ بگرێتە بـەر بـۆ پاڵپـشتی خوێنـدن شانبەشـانی ئـەو ڕێ وشـوێنانەی**

کانتۆنەکان جێبەجێی دەکەن بە بێ دەستکاریکردنی سەربەخۆیی کاروبارە گشتیەکانی فێرکردن".

لە بەندی (٦٧) دا دەڵێ:

"١- حکومەتی مەرکەزی و کانتۆنەکان پێکەوە کار دەکەن لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، بۆ پاڵپشتی و پارێزگاری لە منداڵ وگەنج.

٢- حکومەتی مەرکەزی دەتوانێت پاڵپشتی ئەوچالاکیانە بکات لە دەرەوەی قوتابخانە کە تایبەتن بە منداڵ و گەنج و گەورە شانبەشانی ئەوەی کانتۆنەکان پێشکەشی دەکەن".

لە میانەی هەڵسەنگاندنمان بۆ ئەم دەقانە بۆمان دەردەکەوێت کە فێرکردن یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی کانتۆنەکانە، حکومەتی مەرکەزی هەڵدەستێت بە دانانی سیاسەتی گشتی فێرکردن و پاڵپشتی خوێندن دەکات، بەڵام تێکەڵاوی ئەو رێ و شوێنانە نابێت کە کانتۆنەکان جێبەجێی دەکەن لەم بوارەدا و ئەرکی هەر کانتۆنێك ئەوەیە کە خوێندنی بنەڕەتی- بەزۆری و بە خۆڕایی- بۆ هەموو هاوولاتیان دابین بکات.

لە رۆژی ٢١/مایسی/٢٠٠٦ میللەت دەنگی بۆ چەند بەندی دەستووری نوێ دا کە بە پێی ئەو بەندە دەستووریانە کانتۆنەکان دەسەڵاتی تەواویان هەیە لە بواری فێرکردن و بۆیان هەیە بڕیاری

سەربەخۆی تایبەت بە سستم و پرۆگرامی خوێندن و پشووە رەسمیەکان بدەن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین باس لە زمانی فێرکردن بکەین چونکە پەیوەندیەکی بە تێنی هەیە بە فێرکردنەوە.

لە سویسرادا چوار زمانی فەرمی هەیە:ئەلمانی، فەرەنسی، ئیتالی و ریتورومانش[1] .هەر کانتۆنێك سەروەریی خۆی هەیە وهەموو مافێکی هەیە لە هەر بوارێك کە لە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی دا نەبێت، لەو مافانەش ماف هەڵبژاردنی زمانی فەرمی کانتۆنەکانە. کانتۆنەکان خۆیان زمان یاخود زمانە فەرمیەکان دیاری دەکەن کە لە سنووری کانتۆنەکە بە کار دێت، هەروەها زمانی فێرکردن دیاریدەکەن هەروەك لە بەندی (٧٠)ی دەستووری سویسرا دا هاتووە:

"١- زمانە فەرمیەکان لە سویسرا ئەمانەن: ئەلمانی، فەرەنسی، ئیتالی، زمانی ریتورومانش کە ئەویش زمانێکی فەرمیە بۆ ئەوانەی قسەی پێدەکەن.

٢- کانتۆنەکان زمانە فەرمیەکانیان دیاری دەکەن و بە مەبەستی پاراستنی هەماهەنگی لە نێوان کۆمەڵە زمانیەکان، کانتۆنەکان رەچاوی دابەش کردنی جوگرافی زمان و زمانی کەمە نەتەوەییەکانی ناوخۆ دەکەن.

---

(١) بڕوانە: بەندی ٤ لە دەستووری یەکێتی سویسرا ساڵی ٢٠٠٠.

٣- حکومەتی مەرکەزی وکانتۆنەکان هاندانی لە یەك تێگەیشتن و ئالوگۆڕ لە نێوان کۆمەڵە زمانیە جوراو جۆرەکان دەدەن .

٤- حکومەتی مەرکەزی هاوکاریی کانتۆنە فرە زمانەکان دەکات تا بتوانن بە ئەرکەکانیان هەڵسن لەم بوارەدا.

٥- حکومەتی مەرکەزی پاڵپشتی ئەو ڕێ'وشوێنانە دەکات کە هەردوو کانتۆنی جراوبوندون و تسین دەیگرنە بەر بۆ پاراستنی هەر دوو زمانی ریتورومانش و ئیتالی".

## ١-٢- پەروەردەو فێرکردن لە دەستووری کۆماری باشووری ئەفریقیا ساڵی ١٩٩٦[١] :

بە پێی ئەم دەستوورە، دەرکردنی یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی پەروەردە لە کۆماری باشووری ئەفریقیا لە دەسەڵاتی دەستەی یاسادانەری نیشتمانیە هەروەك لە پاشکۆی ژمارە (٤) دا

(١) دانانی ئەم دەستووره ٧ ساڵی خایاند لە ١٩٨٩ تا ١٩٩٦، بە نموونەیەکی بەرزی دۆکیومێنتە دەستووریەکان دادەنرێت.هەروەك لە پێشەکی (دیباجە)ی ئەم دەستوورە دا هاتووە، بنەمایەکە بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراسی و کراوە، وحکومەت لە سەر ئارەزوو و ویستی میللەت دادەمەزرێت وپارێزگاری لە هاووڵاتیان دەکات بەپێی یاساو بەیەکسانی، ئەم دەستووره لەلایەن بەڕێز عبدالکریم ابو بکر هموند(ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق) لەزمانی ئینگلیزی وەرگێردرا بۆ زمانی عەرەبی لە ساڵی ٢٠٠٥.

هاتووە:" پەروەردە لەسەر هەموو ئاستەکان جگە لە پەروەردەی قۆناغی سێ لە دەسەڵاتی یاسای نیشتمانیە وهەروەها سیاسەتی زمانەوانی و ڕێکخستنی زمانە فەرمیەکان" .

لە دەروازەی دووەمی ئەم دەستوورە دا لەژێر ناونیشانی لیستی مافەکان، بابەتی پەروەردە و فێرکردن باس کراوە، لە بەندی (٢٩)ی ئەم دەستوورەدا دەڵێ :"هەموو کەس مافی هەیە لە:

أ- پەروەردەی بنەڕەتی وپەروەردەی گەوران.

ب- خوێندنی باڵا، دابینکردنی دەکەوێتە ئەستۆی دەولەت بە پێی توانا و تاکەکان بێ بەش نەبن.

٢- هەر یەکێك مافی خوێندنی هەیە بەو زمانە فەرمی و نا فەرمیانەی کە هەڵیاندەبژێری لە پەیمانگای فێرکردن کە خویندن تێیدا پراکتیکیە، بۆ مسۆگەر کردنی ئەم مافە وجێبەجێکردنی، لە سەر دەولەتە دیراسەتی هەموو ئەلتەرناتیڤە شیاوەکان بکات، لەوانە پەیمانگای ناوەندی، بە لەبەر چاو گرتنی :

١- یەکسانی.

ب-ئەم ئەلتەرناتیڤانە پراکتیکی بێت.

ج - پێویستی قەرەبوکردنەوەی دەرەنجامەکانی ئەو یاسا وڕێبازە رەگەزپەرستی و جیاکاریانەی پێشوو".

لە بەندی (٦) ئەم دەستوورەدا زمانە فەرمیەکان دیاریکراون کە ئەمانەن: سیبیدي، سیسوذو، ستیسوانا، سیسواتي، تشیفاندا،

زیتسونکا، افریکائانس، ئینگلیزی، ئیسي نديبلي، ئيسي فوساوئیسي زولو[1].

لە بەندی (٣٠) ئەم دەستوورە هاتووە کە:

"هەموو کەسێك ماڤ بەکارهێنانی زمان و بەشداریکردن لە ژیانی ڕۆشنبیری بە ئارەزووی خۆی هەیە بەڵام هیچ کەسێك بۆی نیە ئەم مافانە بە پێچەوانەی هیچ دەقێك لە دەقەکانی لیستی مافەکان بەکار بێنێت".

لە بەندی (٣١) دا هاتووە کە:

"١- نابێت ئەو کەسانەی کە لە گروپە ڕۆشنبیری و یا ئایینی یا زمانەوانی بێبەش بکرێن لە مافەکانی:

أ-ڕۆشنبیری وئایینی و بەکار هێنانی زمانی تایبەتیان.

ب-پێکهێنانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و ئایینی و زمانەوانی و ئەندامێتی تیایاندا.

٢-نابێت ئەم مافانەی کە لە برگە (١) دا هاتووە پێچەوانەی هیچ دەقێکی لیستی مافەکان بن".

## ١-٣- پەرەودە وفێرکردن لە دەستووری بەلژیك ساڵی ١٩٩٤:

بەلژیك دەولەتێکی فیدرالیە ولە چەندین گروپ وناوچە پێك هاتووە و گروپەکان ژمارەیان سێیە: فەرەنسی و فلاندری و

---

(١) بڕوانە: بڕگە (١)ی بەندی (٦) ئەم دەستوورە.

ئەوانەی کە بە ئەلمانی دەدوێن[1] و لە سیٚ ناوچە پێك دێت :والون، فلاندرۆ و بروکسلی پایتەخت[2].

دەستوور دەسەڵاتە فیدرالیەکان دیاریدەکات هەروەك لە بڕگە (١) ی بەندی (٣٥) دا هاتووە :"دەسەڵاتی فیدرالی لە دەستوور و یاساکانی بەپێی ئەو دەستوورە دەردەچن دیاری دەکرێت".

لەم دەستوورە دا بابەتی پەروەردە وفێرکردن لە دەسەڵاتی گروپەکانە، بەڵام بنەما گشتیەکانی ڕێکخستنی فێرکردن لە بەلژیك لەو دەستوورە باس کراوە و بەندی (٢٤)ی بۆ تەرخان کراوە کە:

" (١-١) خوێندن بە خۆڕاییە و هەموو ڕیٚ وشوێنێکی خۆ پاراستن قەدەغەیە ....

(١-٢) هەر گروپێك ئازادی تەواوی هەیە لەو پرسانەی کە پەیوەندی بە دایك و باوك هەیە.

(١-٣)گروپەکان فێرکردنی سەربەخۆ ڕێکدەخەن و سەربەخۆیی مانای ئەوەیە کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ و تایبەت ڕێزگرتن لە فەلسەفەو ئایدیولوجیا و ئایینی دایك و باوك و قوتابی بگیرێت.

(١-٤) ڕێکخستنی قوتابخانەکان لەلایەن دەسەڵاتی گشتی تا دوا قۆناغی خوێندنی بەزۆر (الزامی) یە هەروەها ڕێکخستنی خوێندنی یەکێك لە ئایینە دان پیانراوەکان و خوێندنی ئەخلاقی کە پابەند نەبیٚ بە هیچ لایەنێکی ئایینیەوە .

---

(١) بڕوانە: بەندی یەك و دووی ئەم دەستوورە.

(٢) بڕوانە بەندی (٣) ئەم دەستوورە.

**٢- ئەگەر گروپەکان بەو توانایەی کە هەیانە وەك دەسەڵاتێکی ڕێکخەر ئارەزووی لە بەخشینی یەك لە دەسەڵاتەکانی هەبوو بۆ دەزگایەکی سەربەخۆ دەتوانێت ئەم کارە بکات بە مەرسومێك کە بە زۆرینەی ٣/٢ دەنگەکان دەردەچێت.**

**(٣-١) هەر تاکێك ماف فێرکردنی هەیە لە چوارچێوەی ڕێز گرتن لە ماف و ئازادیە سەرەکیەکان و خوێندن لە قۆناغەکانی ئیلزامی بە خۆڕاییە.**

**(٣-٢) هەر قوتابییەك لە تەمەنی فێرکردن ماف لە پەروەردەی ئەخلاقی و ئاینی هەیە لەسەر خەرجی گروپەکە.**

**٤-هەموو قوتابی و باوکان و دەستەی مامۆستایان و دەزگاکان یەکسانن بەرامبەر یاسا و مەرسوم. ئەو یاساو مەرسومانە جیاوازیە بابەتیەکان لەبەرچاو دەگرن بەتایبەت خەسڵەتەکانی هەر ڕێکخراوێك کە مامەلەیەکی شیاوی پێویستە".**

ئەنجومەنی هەر گروپێك دەسەڵاتی دەرکردنی مەرسومی تایبەت بە ڕێکخستنی پەروەردە وفێرکردنی هەیە بە لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندی هەر ناوچەیەك، ناوچەکان یەکسانن لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر پرسەکانی پەروەردە و دەبێت ڕەچاوی بنچینە دەستووریەکان بکەن کە لەسەر هەموو گروپەکان جێ بەجێ دەکرێت وەك: خوێندنی بە زۆری و خۆڕایی لە قۆناغەکانی کە بەزۆرە (الزامی). ڕێکخستنی قوتابخانەکان لە دەسەڵاتی گشتیە.

دوای ئـەوەی دەسـتوور فێرکردنـی لـە بەلـژێك ڕێکخـست بـە شـێوەیەکی گـشتی، چـەندین بەنـدو بڕگـەی تـەرخان کـردووە بـۆ چونیەتی ڕێکخستنی فێرکردن لـە گروپـەکان، هـەر گروپێك بەتـەنها هـەروەك لـە بڕگـە (٥)ی بەنـدی (٢٤)دا هـاتووە کـە:"ڕێکخـستن و پاڵپشتی فێرکردن لەلایەن هەر گروپێك دەبێت بە پێی یاسا بێت" سـەبارەت بـە گروپـی فەرەنـسی بەنـدی (٢٧) ی دەسـتووری بـۆ تـەرخان کـراوە کـە:"(١-١)٢ - ئەنجومـەنی گروپـی فەرەنـسی هەڵدەسـتێت بـە دەرکردنـی مەرسـوم سـەبارەت بـە :........٢- پەروەردە جگە لە:١- دیاریکردنی دەستپێکردن و کۆتایی ماوەی خوێندن....."

بەندی (١٢٩) کە تایبەتە بە زمان :"١- ئەنجومەنەکان بڕیاری دەرکردنی مەرسوم دەدەن بۆ گروپەکانی فەرەنسی و هۆلەندی بە پێـی پەیوەنـدی بابەتەکـە بـە هـەر یـەکێکیان جگـە لـە یاسـادانەری فیدرالی بۆ بەکار هێنانی زمان...٢- پەروەردە لەو دەزگایانـەی کـە دامەزراون یا دانیـان پێدانراوە یـا پاڵپـشتیان لێوە دەکرێ لەلایـەن دەسەڵاتی گشتی... ".

سـەبارەت بـەو ناوچـانەی کـە بـە ئـەلمانی دەدوێـن، بەنـدی (١٣٠) چارەسـەری ئـەم بابەتـەی کـردووە کـە :"ئەنجومـەنی گروپـی ئەلمانی بە مەرسوم حوکمی ئەمانە دەکات:....٣- پـەروەردە لەو سنوورەی کە لە بەندی ١٢٧(١-١) ٢ هاتووە....".

بەندی (١٦٦) تایبەتە بە بروکسلی پایتەخت، لە بڕگە سێی ئەم بەندە دا هاتووە کە :"٣-دەزگاکانی کە لە بەندی ١٣٦ باسیان لێوە کراوە کار دەکەن لە پێناو:١- بەرپرسیارێتی یەکسان: هەر ناوچەیەك بەرپرسە بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوچەکانی دی سەبارەت بە کێشەکانی کەسی (شخصی) و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری....."۔

سەبارەت بە زمان، زمانە فەرمیەکانی بەلژیك ئەمانەن: فەرەنسی و هۆڵەندی و ئەلمانی[1]، لە بەندی (٤) دا هاتووە:"١- بەلژیك لە چەندین ناوچەی زمانەوانی پێك دێت:ئەو ناوچەیەی بە فەرەنسی دەدوێن و ناوچەی بە هۆڵەندی دەدوێن و ناوچەی جووتە زمان کە پێك دێت لە بروکسلی پایتەخت و ئەو ناوچەیەی بە ئەلمانی دەدوێن".

## ١-٤- پەروەردە و فێرکردن لە دەستووری کەنەدا ساڵی ١٩٨٢[2]:

لەم دەستوورە دا، دەقێکی تایبەت نیە بەو لایەنەی کە پسپۆرە بە ڕێکخستنی پەروەردە و فێرکردن، ئایا حکومەتی یەکگرتوو یا حکومەتی بەشەکان بەم کارە هەڵدەستێ، بەلاّم دەقێك

---

(١) فەرەنسی تاکە زمانی فەرمی بوو لە دەستووری ساڵی ١٨٣١ دا تا کۆتایی سەدەی نۆزدەم و لە ساڵی ١٩٧٠ هەردوو زمانی فلمنکی (هۆڵەندی) و ئەلمانی بوون بە زمانی فەرمی.

(٢) ئەم دەستوورە وەك پاشکۆ (ب) ی یاسای کەنەدا ساڵی ١٩٨٢ دەرچوو.

هەیە کە ئەویش دەقی بەندی (٤٠) لە دەستوور کە تێیدا هاتووە کە ئەم دەستوورە هەر کاتێك هەموار کرا بە شێوەیەك ئەم پرسە بکەوێتە دەسەڵاتی پەرلەمان، ئەمەش بەڵگەیە کە ئەم بابەتە تا هەموار کردنی دەستوور لە دەسەڵاتی دەستەی یاسادانانی بەشەکانە، ئەوەش دەقی ئەم بەندەیە:" ئەو کاتەی کە هەموار کردن بە پێی بڕگە (١٠/٣٨)[1] دەکرێ کە دەسەڵاتی یاسادانی پەیوەست بە پەروەردە و پرسەکانی ڕۆشنبیری گواستەوە لە دەسەڵاتی دەستەی یاسادانانی بەشەکان بۆ پەرلەمان ئەو کاتە حکومەتی کەنەدا قەرەبووی هەر بەشێك دەکات کە ئەم هەموار کردنەی لەسەر جێبەجێ ناکرێت".

لەم دەقەدا دەردەکەوێ کە ئەم بابەتە لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەکانە، تا هەموارکردنی ئەو یاسایە بەپێی ئەو ڕێ وشوێنەی کە لە دەستوورەکە بۆی دیاری کراوە.

---

(١) بڕگە (١)ی بەندی (٣٨):"هەر هەموارکردنێکی دەستووری کەنەدا دەبێت بە پێی جاڕێك لە لایەن حاکمی گشتی کە ئەو دەسەڵاتەی وەرگرتووە دەردەچێت وبە:

١-بڕیاری ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی گشتی.

٢-بڕیاری ئەنجومەنەکانی یاسادانان کە کەمتر نەبێت لە ٣/٢ بەشەکانی کە ٥٠٪ دانیشتووی ناوچەکان پێك دێنێت ".

هەریەك لە زمانی ئینگلیزی وفەرەنسی زمانی فەرمین لە کەنەدا[1].زمانە فەرمیەکان هەمان ماف و ئەرکیان هەیە و یەکسانن لە بەکارهێنان لەهەموو دەزگاکان و لەوانە دەزگاکانی پەروەردە، دەستوور هیچ یەك لەو دوو زمانە پێش ناخات لە بەکارهێنان لە پەرلەمان و یاساکان بەهەردوو زمان چاپ دەکرێن و بڵاو دەکرێنەوە و رۆژنامەی پەرلەمان بە هەردوو زمان دەردەچێت و هەردوو چاپەکە فەرمین.

## ١-٥- پەروەردە و فێرکردن لە دەستووری یەکێتی بۆسنیاو هرسکۆڤینیا ساڵی ١٩٩٤[٢]:

ئەم دەستوورە وەکو دەستوورەکانی پێشوو رێکخستنی هەموو بابەتەکانی کە پەیوەندیان بە پەروەردە و فێرکردن هەیە لە دەسەڵاتی کانتۆنەکانە، هەروەك لە بەندی (٤) ی ئەم دەستوورە دا هاتووە :"لە سەر کانتۆنەکانە کە بەرپرسیارێتی ئەو بابەتانەی کە

(١) بروانە ئەم بەندانە: (١٦) و (١٧) و( ١٨) و(١٩) و (٢٠) و (٢١) و (٢٢) لە دەستووری کەنەدا.

(٢) یەکەم دەستوور بۆ یەکێتی بۆسنیا و هرسکۆڤینیا لە ساڵی ١٩٩٤ دەرچوو، چەندین جار هەموار کرا لە ساڵانی: ١٩٩٤ و ١٩٩٦ و ١٩٩٧، ئەم دەستوورە لە لایەن بەرێز عبدالكريم ابو بكر هموند (ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق) لە زمانی ئینگلیزی وەرگێردرا بۆ زمانی عەرەبی لە ساڵی ٢٠٠٥.

بە ئاشکرایی نەدراوون بە حکومەتی مەرکەزی وەربگرن: بەتایبەتی بەرپرسیارێتی لە ...ب- دانانی پلانی پەروەردەیی و بڕیارەکانی پەیوەستن بە ڕێکخستنی پەروەردە وباشکردنی".

زمانی فەرمی بریتین لە زمانانی بۆسنەیی و زمانی کرواتی، لە بەندی (٦) دا هاتووە کە:

"١- زمانی بۆسنەیی و زمانی کرواتی دوو زمانی فەرمین لە دەولەتی یەکگرتوو ونوسینی فەرمی بە ئەلف و بێی لاتینیە.

٢- ڕێگەدراوە زمانی تر بەکار بێت بۆ پەیوەندی و ڕێنمایی.

٣- دەکرێت زمانی تر بە زمانی فەرمی دابنرێت بەزۆرینە و پەسەند کردنی لە لایەن هەردوو ئەنجوومەنی یاسادانان و ئەنجوومەنی گەل بە زۆرینەی نوێنەرانی بۆسنەیەکان و نوێنەرانی کرواتەکان ".

## ٢- پەروەردە و فێرکردن لە دەستووری کۆماری عێراقساڵی ٢٠٠٥:

لە دامەزراندنی دەولەتی عێراقی تاکو ئێستا چەندین دەستوور دەرچووە: دەرچوونی یەکەم دەستوور لەسەر دەمی پاشایەتی لە ژێر ناونیشانی یاسای بنەڕەتی عێراقی لە بەرواری ٢١/ئازار/١٩٢٥ و لە سەردەمی کۆماریشدا چەندین دەستووری کاتی یەك لە دوای یەك دەرچوون:

دەستووری ٢٧/ تەمموز/١٩٥٨ کاتی

دەستووری ٢٢/ نیسان/١٩٦٤
دەستووری ٢٩/ نیسان/١٩٦٤ كاتی
دەستووری ٢١/ ئەیلول/١٩٦٨ كاتی
دەستووری ١٩/ تەمموز/ ١٩٧٠ كاتی
یاسای بەڕێوەبردنی دەولەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە (T.A.L) ٢٠٠٤
دەستووری كۆماری عێراق ٢٠٠٥[١]

دەستوورە كاتیە یەك لەدوا یەكەكانی دەولەتی عێراقی (جگە لە دەستووری ١٩٢٥) بایەخیان بە پەروەردە و فێركردن دابوو. ئەم دەستوورانە چەندین بەندی تایبەت بە گرنگی فێركردن[٢] لەخۆ

---

(١) لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ دەنگ لەسەر ئەم دەستوورە درا و بۆ یەكەم جار لە مێژووی عێراق هاوولأتیان بە ئازادی ڕای خۆیان دەربڕبن بە (بەڵێ) یا (نەخێر)، ئەم دەنگ دانە بە هەنگاوی یەكەم دادەندرێت بەرەو دروست كردنی عێراقی دیموكراسی نوێ دوای ئەوەی عێراق ماوەیەكی زۆر لە ژێر حوكمی پێنج دەستووری كاتی بوو.

(٢) بڕوانە دەقی بەندی (١٦) ی یاسای بنەڕەتی عێراقی ساڵی ١٩٢٥. لە بەندی (١٧) دا هاتووە كە :"عەرەبی زمانی فەرمیە.جگە لە بوونی دەقێك لە یاسایەكی تایبەت". لە بەندی (٣٣) لە دەستووری كاتی ساڵی ١٩٦٤ دا هاتووە " خوێندن ماڧ هەمووعێراقیانە، دەولەت دابینی دەكات بە دروست كردنی قوتابخانە و زانكۆ و دامەزراوە ڕۆشنبیر و پەروەردەیی و فراوان كردنیان، دەولەت بایەخ بە گەنجان دەدات لە ڕووی گەشەی جەستەیی و عەقلی و ئەخلاقی".

گرتووە، بەلاّم خوێندن لە سەردەمی حزبی بەعس داخراو بوو واتە تەنها ئەوانەی ئەندامی ئەم حزبە بوون یا لایەنگری بوون وەك مامۆستا دادەمەزران، ئەم مەرجە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن ڕەچاو دەکرا، بەمەبەستی بلاّوکرنەوە و چەسپاندنی بیرو بۆچوونی بەعس لە نێو قوتابیان، ئەمەش بووە هۆی کۆچ کردنی زۆر لە پسپۆر و شارەزا بۆ دەرەوەی عێراق و نزمبوونی ئاستی خوێندن و دواکەوتنی لە ئاستی جیهانی و تا ئێستا لە دەست ئەم کێشانە دەناڵێنین لە بواری فێرکردن دا.

دوای ئەم گۆڕانکاریانەی کە لە عێراق ڕوویان دا، عێراق لە دەولەتێکی سادە بۆ دەولەتێکی ئاوێتە (فیدرالی) گۆڕا و هەڵبژاردنی سستمی فیدرالی لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥. ئەم دەستوورە ڕێچکەیەکی نوێی گرتەبەر بۆ دیاریکردنی دەسەلاّتی حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمەکان [(١)] ودەسەلاّتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدرالی دیاریکردووە[(٢)] و باسی هەموو ئەو پرس و بابەتانەی کردووە کە دەکەونە دەسەلاّتی هاوبەش نێوان

(١) لە بەندی (١١٦) هاتووە :"ڕژێمی فیدرالی لە عێراقدا پێکدێت لە پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگا لامەرکەزیەکان و ئیدارە ناوخۆییەکان".

(٢) بڕوانە بەندی (١١٠) و (١١١) و (١١٢) و (١١٣) لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

حکومـەتی فیـدراڵی وحکومـەتی هەرێمـەکان[1] و ئـەو بابەتانـەی لـە دەسـەڵاتی تایبـەتی باسـی لێـوە نـەکراوە ئـەوا لـە دەسـەڵاتی هەرێمەکانە، هەروەك لە بەندی (١١٥) دا هاتووە کە :"هەر شتێك لە سـنووری دەسـەڵاتە تایبەتـەکانی حکومـەتی فیدرالیـدا ئامـاژەی پێنەکرابێت، ئەوا دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە ناو سنووری هیچ هەرێمێکەوە. ئەگەر ناکۆکی دروست بوو لەسـەر دەسـەڵاتە هاوبەشـەکانی نێـوان حکومـەتی فیـدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکەیە".

حکومەتی هەرێمەکان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییـان هەیـە بـەپێی حوکمـەکانی ئـەم دەسـتوورە جگـە لـە دەسـەڵاتە تایبەتیـەکانی حکومـەتی فیـدراڵی(بڕوانـە بڕگـە یەکـەم لـە بەندی ١١٧ی ئەم دەستوورە) .

پەروەردە وفێرکردن لە دەسەڵاتە تایبەتیەکان نیە کە لە بەندی (١١٠) ی ئـەم دەسـتوورە ئامـاژەی بـۆ کـراوە هـەروەها لـە دەسـەڵاتە هاوبەشـەکانیش نیـە کـە لـە بەنـدی (١١٤) دا هـاتووە، ئەو بابەتـە بـە پێی بەندی (١١٥) لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دایە و پێشینە بۆ

(١) بەنـدی (١١٤) دەسـتووری کۆمـاری عێـراق سـاڵی ٢٠٠٥ :"دەسـەڵاتە هاوبەشـەکانی نێـوان حکومـەتی فیـدراڵی و حکومـەتی هەرێمـەکان ئەمانـەن:......شەشـەم-ڕەنگرێـژگرتنی سیاسـەتی فێرکـردن و پـەروەردەی گشتی بەڕاوێژ لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە".

یاسای هەرێمە ئەگەر ناکۆکی دروست بوو لە نێوان یاسای فیدرالی و یاسای هەرێمەکان دا. ڕێکخستنی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان دەبێت لە چوارچیوەی سیاسەتی گشتی فێرکردن بێت لە عێراق و ئەمەش لە دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێم دایە.

بەپێی دەستووری عێراقی، دەسەڵاتی یاسادانان لە هەرێم یاسا و بڕیار دەردەکا بۆ ڕێکخستنی فێرکردن لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی پەروەردە و فێرکردن لە عێراق دا.

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان -عێراق چەندین یاسا و بڕیاری تایبەت بە فێرکردن لە کوردستان دەرکردووە_ خاڵێکی تایبەتمان بۆ تەرخانکردووە بۆیە لێرە باس لە ووردەکاریەکان ناکەین_.

دەستووری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بایەخێکی باشی بە فێرکردن داوە و بە یەکێك لە فاکتەرە سەرەکیەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای دانـاوە، هـە روەك لـە بەنـدی (٣٤) دا هـاتووە: "یەکەم_فێرکردن هۆکارێکی سەرەکیە بۆ پەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەو مافێکە دەوڵەت دابینی دەکات، لە قۆناغی سەرەتاییدا بە زۆرەملێیەو دەوڵەتیش لەناوبردنی نەخوێندەواری لە ئەستۆ دەگرێت.دووەم- فێرکردنی بە خۆڕایی مافی هەموو عێراقییەکانە لە قۆناغە جیاجیاکاندا.سێیەم- دەوڵەت هانی لێکۆڵینەوەی زانستی دەدات بۆ مەبەستی ئاشتیانە بەو شێوەیەی خزمەتی مرۆڤایەتی

بکـات و سەرپەرشـتی داهێنـان و دۆزینـەوەی نـوێ و سـەرجەم جۆرەکانی بلیمەتی دەکات......".

لـە بڕگـە دووی بەنـدی (٢٩) دا هـاتووە کـە:"منـداڵان مـافی پەروەردە و سەرپەرشتی و فێرکردنیان هەیە لەسەر دایك و باوکان، دایـك و باوکـانیش مـافی ڕێزگـرتن و سەرپەرشـتی کردنیـان هەیـە لەسـەر منـداڵان بـە تایبـەتی لـە کـاتی پیربـوون و بـێ دەسـەڵاتی و پەککەوتندا".

یاسای وەزارەتی پەروەردەی عێراقی ژمارە (٣٤) ساڵی ١٩٩٨ هـەموار کـراو لـە سـاڵی ٢٠٠٥ جێبـەجێ دەکـرێ، ئـەم یاسـایە بابەتێکی گرنگی فەرامۆش کردووە ئەویش زمانە، کە یاسای زۆر لە وڵاتە فرە زمانەکان چەندین بەند و بڕگەیان بۆ زمانی فێرکردن تەرخان کردووە.

لە عێراق یاسای زمانە ناوخۆییەکان ژمارە (٧٤) ساڵی ١٩٣١ کە لە وەقایعی عێراقی (ژمارە ٩٨٩ لە ١٩٣١/٦/١) بڵاوکراوەتەوە، لەو یاسایەدا ڕێگا بە بەکار هێنانی زمانی کوردی دراوە لە دادگای ئـەو ناوچـانەی کـە زۆرینـەی خـەڵك بـەو زمانـە دەدوێـن و زمـانی کوردی زمانێکی فەرمیە تەنها لەو ناوچانە دا و ئاماژە بە موسل کراوە کە دانیشتوانی ئەم لیوایە (موسل) شێوەی زمانی کوردی هەڵدەبژێرن لە ماوەی یەك ساڵ لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

لە دەستووری عێراقی بەندێك تەرخان کراوە، ئەویش بەندی (٤)[1] بۆ زمانی گفت وگۆکردن لە لایەنە فەرمیەکان ولە بواری فێرکردن کە تیایدا هاتووە:"یەکەم- زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، ماق سەرجەم عێراقیەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەك تورکمانی و سریانی و (ئەرمەنی)[2]لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بە پێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

دووەم-سنووری دەستەواژەی زمانی فەرمی دیاریدەکرێت، چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم ماددەیەش بە یاسا ئەم خالاٚنە دەگرێتەوە:

أ-دەرکردنی رۆژنامەی فەرمی بە هەر دوو زمان.

(١) بڕوانە: پارێزەر تاریق جەمباز، میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی بەندی (٤) زمانە فەرمیەکان لە دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥، گۆڤاری پارێزەر، گۆڤارێکی یاسایی دەورییە (سەندیکای پارێزەرانی کوردستان دەری دەکات) ژمارە ١٤-١٥، ساڵی هەشتەم، ٢٠٠٨، لاپەڕە ١٩٥.

(٢) جیاوازی لە بەندی (٤) دەستووری عێراق دا هەیە (ئەرمەنی) لە دەقە کوردیەکە دا نیە، لە دەقی عەرەبی و ئینگلیزی دا هەیە (بڕوانە دەقی ئەم بەندە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی). بڕوانە: تاریق جامباز لە دەستووری (٢٠٠٥)ی کۆماری عێراقدا بەزمانی کوردی ناوهێنانی سێ ئایین و نەتەوەیەك لەبیرکراوە. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٤٥٣٠) بەرواری ٢٠٠٨/٣/٢٧.

ب- قسە کردن و وتووێژو دەربڕین لە بوارە فەرمیەکاندا بەهەریەك لە دوو زمانەکە وەك ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمیەکان.
ج- داننان بە بەڵگەنامە فەرمیەکان و ئاڵوگۆڕکردنی نامە و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمیەکان بە هەر دوو زمان.
د- کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمان بە پێی یاسا پەروەردەییەکان.
هـ- هەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەك پارە و پەساپۆرت و پوول[1].
سێیەم- دام و دەزگا فیدرالیە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن".

ئەم دەستوورە بە شێوەیەکی راستەوخۆ دانی بەوەدا ناوە کە گفتوگۆ لە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران ودادگاکان دەکرێت بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بێت، هەروەها دانی بەوە دا ناوە کە تورکمان و کلدوئاشوریەکان مافی بەکارهێنانی زمانی تورکمانی و سریانییان هەیە لەو ناوچانەی کە زۆرینەی خەڵك پێکدێنن هەروەك لە بڕگەکانی چوارەم و پێنجەمی هەمان بەند دا هاتووە :
"چوارەم-زمانی تورکمانی وسیریانی دوو زمانی فەرمی ترن لەو یەکە ئیداریانەدا کە تیایدا زۆرینەی دانیشتووان پێکدەهێنن.

(١) تا ئێستا ئەو بەندە جێبەجێنەکراوە، پارە و پاسەپۆرت بە یەك زمان دەردەچن ئەویش زمانی عەرەبیە.

پێنجەم- هەر هەرێم و پارێزگایەك ماڤ ئەوەی هەیە زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە راپرسیەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا".

لەگەڵ بوونی ئەم دەقە لە دەستوور کە زمانی کوردی بە زمانێکی فەرمی دادەنێ هەروەك زمانی عەرەبی، بەلاًم یەکسانی لە نێوان ئەو دوو زمانەدا نیە، چونکە تا ئێستا پارە بە یەك زمان دەردەچی کە زمانی عەرەبیە و هەروەها پاسەپۆرت و بەڵگە فەرمیەکانی دی .

## ٣- پەروەردە و فێرکردن لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان:

دەستوور بەرزترین و شکۆدارترین یاسایە، بگرە لووتکەی یاساکانە، سیما سەرەکیەکانی دەوڵەت و چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ کارو چالاکیەکانی حکومەت دیاری دەکا، بوونی دەستورێك بۆ هەرێمی کوردستان(١) وەکوو پێویستیەك خۆی سەپاند بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنی ١٩/مایسی/١٩٩٢.

---

(١) لە بەندی (١١٧/یەکەم) ی دەستووری کۆماری عێراق هاتووە: "ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەلأتەی ئێستایدا دەهێنێت وەك هەرێمێکی فیدرالی".

ساڵی ١٩٩٢ لیژنەیەك لە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان پێكهات بۆ داڕشتنی رەشنووسی دەستووری هەرێمی كوردستان.

بنەمای ئەم ڕەشنووسە یاسای بنەڕەتیی ولایەتی كوردستانی فیدراڵە كە ساڵی ١٩٧٤ لە لایەن لیژنەیەك لەو مافپەروەرانەی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد بەشداریيان كرد، دواتریش ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بە بڕیاری ژمارە ٢٦ لە بەرواری ٢٠٠٢/١١/٧ ئەم پڕۆژەیەی پەسەند كرد، بەهۆی ئەو بارودۆخەی كە هاتە پێش و ئەو گۆڕانكاریەی لە عێراق ڕوویدا ئەم پڕۆژەیە پێویستی بە چاوپێخشاندنەوە بوو، بۆیە لیژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە پێكهات لە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/٨ ئەم لیژنەیە تا ئێستاش بەردەوامە لە كارەكانی.

بوونی دەستوور لە هەرێمی كوردستان شانبەشانی دەستووری كۆماری عێراق دەبێتە پاڵپشتێك بۆ ماف و ئازادیەكانی مرۆۆ لە هەرێم و لە عێراق دا.

ئەزموونی وڵاتان سەلماندیان كە فێركردن بنچینەی هەموو پێشكەوتنێكە ودەولەتە پێشكەوتووەكان فێركردن بابەتی سەرەكی بەرنامەكانیانە، فێركردن چەكێكە بۆ گۆڕینی واقیع و پێشوازیكردن لە ئاییندە، لەبەر ئەوە لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان دا بەندێكی تایبەت تەرخانكراوە بۆ ڕێكخستنی

فێرکردن لە کوردستان ئەویش لەبەر گرنگی فێرکردن و ڕۆڵی لە پێگەیاندنی نەوەی تازە و پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

ئاراستەی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان دەبێت بەرەو دروستکردنی تاکێکی کوردستانیی ئازاد و پێشکەوتوو پڕهەست و بەرپرسیارێتی بێت لە لایەك و متمانەیەکی پتەو بە خۆ و ڕێزگرتن لە بیرو ڕا جیاوازەکان لە لایەکی ترەوە.سستمی پەروەردە و فێرکردن دەبێ لە خزمەتی پتەوکردن و بە هێزکردنی هوشیاریی نەتەوەیی و هەستکردن بە ئینتیما بێت بۆ نیشتمان لای تاکی کورد[1].

پەروەردە و فێرکردن _هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد_ لە دەسەڵاتە تایبەتیەکانی حکومەتی فیدرالی دا نیە و لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان باس لەم بابەتە کراوە، لە بەندی (٢٢) دا هاتووە کە:

"یەکەم–فێرکردن مافێکە حکومەتی هەرێم بۆ گشت هاوڵاتیەك دەستەبەری دەکات، بەبێ جیاوازی. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەوزیمی دەبێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە

(١) بڕوانە: بەرەو دانانی چەند بنەمایەکی فەلسەفی بۆ سیاسەتی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ئامادەکردنی لێژنەیەکی تایبەت لە مامۆستایانی زانکۆ بە هاوکاری لێژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٠٦.

نەهێشتنی نەخوێندەواری لە نێو سەرجەم تەمەنە جیاوازەکاندا، بەنێرو مێوە.

دووەم-حکومەتی هەرێم خوێندن بە خۆرایی لە هەموو قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆیی و خوێندنە پیشەیی و تەکنیکیەکاندا دەستەبەر دەکات و پابەندیش دەبێت بە گەشەپێدان و هاندانی توێژینەوەی زانستی، بۆ مەبەستی ئاشتیانە و مەدەنییانە و چاودێری سەرکەوتن و داهێنان و نوێکاریی و هەموو دیاردەیەکی بلیمەتی دەکات".

لەبەر گرنگی ڕۆڵی زانکۆ و سەنتەری توێژینەوەی زانستی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا، لە بەندی (٥٣) دا هاتووە :"حکومەتی هەرێم چاودێری زانکۆکانی کوردستان و پارێزگاری حەرەم وپێگەی کەسایەتیی مەعنەویان، لە چوارچێوەی یاسادا، لە ئەستۆ دەگرێت".

لەبەندی (٥٤) دا هاتووە:"یەکەم:حکومەتی هەرێم چاودێریکردنی زانست و ئەدەب و هونەر وهاندانی توێژینەوەی زانستیانە لە ئەستۆ دەگرێت....

سێیەم- هەموو کەسێك مافی خۆیەتی لە لێکۆڵینەوەی زانستی و چالاکی داهێنەرانە ئازادبێت".

لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٤ دەرچوو، بە پێی ئەم یاسایە ئەنجومەنی خوێندنی باڵا و

توێژینەوەی زانستی پێکهات بۆ دیاریکردنی سیاسەتی خوێندنی باڵا لە کوردستان و لە ئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنە بڕیار دان لەسەر پلانی پێشخستنی پرۆگرامەکانی فێرکردن و سەرپەرشتی زانستی و ئەکادیمی بۆ زمان و ڕۆشنبیری ئاشوری و تورکمانی لە کوردستاندا و ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانە دەربارەی ڕەوشی خوێندنی باڵا لە هەرێم و پێشکەشکردنی بە ئەنجومەنی وەزیران.

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان مافی هاوڵاتیان لە خوێندن بە زمانی دایك مسۆگەر دەکات، هەروەك لە بەندی (١٤) دا هاتووە:

"یەکەم- کوردی وعەرەبی، دوو زمانی فەرمین لە هەرێمدا، ئەم دەستوورە مافی هاوڵاتیانی هەرێم لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایك، وەك تورکمانی وسریانی وئەرمەنی، لە دەزگا حکومیەکانی خوێندندا، دەستەبەر دەکات بە پێی ڕێککارییە پەروەردەییەکان.

دووەم-لە پاڵ زمانی کوردی و عەرەبیدا، زمانی تورکمانی وسریانی، دوو زمانی فەرمین لەو یەکە کارگێڕییانەی کە ئەوانەی پێی دەئاخڤن چڕی دانیشتوانیان پێکدێنن، ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

سێیەم-بۆ دیاریکردنی زمانی فەرمی، ئەگەر بواری یاسایی بۆ بەکارهێنانی لە هەرێمدا لە ئارادا بوو، پشت بە ماددەی ٤ی دەستووری فیدرالی دەبەسترێت".

بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی زانست ومەعریفە و پێگەیاندنی نەوەیەکی خوێندەوار و هوشیار لە هەرێمی کوردستان[١] ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤) ساڵی ١٩٩٢ دەرکرد بە پێی بڕیاری ژمارە (١٦) لە ١٩٩٢/٩/٢٠ و لە ئەرکەکانی وەزارەت دا هاتووە دابینکردنی هەلی خوێندن بۆ گەوران و بەشداریکردن لە ڕاهێنانیان بە شێوەیەك کە مەودای ڕۆشنبیریان فراوانتر بێت[٢].

لە ئەرکەکانی وەزارەت دارشتنی سیاسەتی پەروەردە لە هەموو بوارەکانی بەمەرجێك گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگەی کوردستانی و پێویستیەکانی و ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی نەتەوەکانی تر[٣].

ئەم یاسایە چەندین جار هەموار کراوەتەوە:

**هەموارکردنی یەکەم:** بە یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠ لە دانیشتنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە (٢٣) لە بەرواری ٢٠٠٠/١٢/١٧.

---

(١) بڕوانە هۆیەکانی دەرکردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤) ساڵی ١٩٩٢ کە لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەرچووە.

(٢) بڕوانە :دەقی بڕگە دووی بەندی (٣) یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان – عێراق.

(٣) بڕوانە:بڕگە (١) لە بەندی (٤) یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**هەموارکردنی دووەم: بە یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٦ لە دانیشتنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە (١٨) لە بەرواری ٦/١١/٢٠٠٦.**

**هەموارکردنی سێیەم:بە یاسای ژمارە (٢٧) ی ساڵی ٢٠٠٧ لە دانیشتنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە (١٤) لە بەرواری٢٢/١٠/٢٠٠٧.**

**جێگەی ستایشە کە یاسادانەری کوردستانی جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە فێرکردن بەزۆرە (بڕگە ٢ بەندی ١٠) و لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانە و پەیمانگا و سەنتەرە فەرمیەکان بە خوڕاییە.لە هەموار کردنی سێیەمی یاسای وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن لە قۆناغی بنەڕەتی بەزۆرە و ماوەی فێرکردن لە قۆناغی بنەڕەتی نۆ ساڵە.**

**هەروەها دانان بە مافی هاوڵاتیان لە فێرکردن بە زمانی دایک لە دەقی بڕگە (٤) ی بەندی (٤) دا هاتووە :"زمانانی تورکمانی، سریانی وئەرمەنی زمانی فێرکردن دەبن بەپێی ڕێنماییەکانی پەروەردەیی، لەو ناوچانەی ئەو زمانانە ئاپۆرەی دانیشتوان پێکدێنن و لەهەمان کاتدا، فێرکردنی زمانانی کوردی و عەرەبی بۆ ئەمانە بەزۆرەملێ دەبێ ..."[(١)].**

---

**(١) ئەم بڕگەیە پێش هەموارکردن بەم شێوەیە بوو:"زمانەکانی تورکمانیو سریانیو ئەرمەنی دەکرێت بە زمانی فێرکردن لەو ناوچانەدا کە ئەوانەی بەم زمانانە دەدوێن چڕیەکی نیشتەنی پێك دەهێنن، بەپێی بەندو بەستی**

## سەرچاوەکان:

-دەستووری عێراقی کاتی ساڵی ١٩٦٤.
-دەستووری کەنەدا ساڵی ١٩٨٢.
-دەستووری یەکێتی بۆسنیاو هرسکۆڤینیا ساڵی ١٩٩٤.
-دەستووری بەلژیك ساڵی ١٩٩٤.
-دەستووری کۆماری باشووری ئەفریقیا ساڵی ١٩٩٦.
-دەستووری یەکێتی سویسرا ساڵی ٢٠٠٠.
-دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.
-پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان٢٠٠٦.
-یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤) ساڵی ١٩٩٢ هەرێمی کوردستان – عێراق.
- یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٤ هەرێمی کوردستان- عێراق .
-پارێزەر تاریق جەمباز، میکانیزمی جێبەجێکردنی بەندی (٤) زمانە فەرمیەکان لە دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥، گۆڤاری پارێزەر(سەندیکای پارێزەرانی کوردستان دەری دەکات) ژمارە ١٤-١٥، ساڵی هەشتەم، ٢٠٠٨.
- بەرەو دانانی چەند بنەمایەکی فەلسەفی بۆ سیاسەتی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ئامادەکردنی لێژنەیەکی تایبەت لە مامۆستایانی زانکۆ بە هاوکاری لێژنەی پەروەردە و

---

(ظـوابط) پەروەردەیی، بەمەرجێك فێرکردنی زمانی کوردیو عەرەبی ئیلزامی بێت"، هەموار کردنەکە بە پێی یاسای ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٠٦ (هەموار کردنی دووەم) تا بەو شێوەیەی ئێستا داڕێژرا.

فێرکردنـــی بـــاڵا لـــە پەرلـــەمانی کوردســـتان، هـــەولێر، چـــاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٠٦.

## یاسای وەزارەتی پەروەردە

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

ژمارەی بڕیار: ١٦

بەرواری بڕیار: ١٩٩٢/٩/٢٠ز

٢٩/گەلاوێژ/٢٦٩٢ك

### بڕیار

لەسەر بەرژەوەندیی گـەلی کوردسـتان و بـەپێی بڕگـە(١) لـە مـاددەی (٥٦)ی یاســـای ئەنجومـــەنی نیـــشتمانیی کوردســـتانی عێـــراق ژمارە(١)ی ساڵی/١٩٩٢ ئەنجومەن لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٩٢/٩/١ دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە(٤) ساڵی ١٩٩٢**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:

١. وەزارەت: وەزارەتی پەروەردە.

٢. وەزیر: وەزیری پەروەردە.

٣. بریکاری وەزارەت:بریکاری وەزارەتی پەروەردە.

٤. دیوان: دیوانی وەزارەتی پەروەردە.

٥. هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٦. کەمایەتی یەکان: ئاشووری یەکان و تورکمان و عەرەب و ئەوانی تر.

**ماددەی دووەم:**

١.وەزیر سەرۆکی بالاّی وەزارەتە و بەرپرسیارە لە کارەکانیدا و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی چالاکی یەکانی دەکا و هەر لەمیشەوە ئەو بڕیارو فەرمان و رێنمایی یانە دەردەچن کە پەیوەندی یان بە ئەرکەکانی وەزارەت و دەزگاکانییەوە لە رووی یاسایی و بەرێوەبردن و هونەری یەوە هەیە، لە چوار چێوەی ئەم یاسایەو یاساو پەیرەوو رێنمایی یە رەچاوکراوەکانی تردا. هەر وەکوو، لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرسە، بەو مانایەی کە ئەندامێکی هاوبەشیتی.

٢. وەزارەت بریکارێکی دەبیّ کە ئەو ئەرکانە بەجیّ دێنی کە وەزیر پیّ یانی دەسپێریّ.

**ماددەی سێیەم:**

**ئەرکی وەزارەت:**

١. توانا خستنەبەری نەوجەوانان لە پەرەپێدانی کەسایەتی یان دا لە گشت رووەکانی جەستەیی و رۆشنبیری و گیانی یەوە.

٢.رەخساندنی هەلی زانستی وەرگرتن بۆ گەورەکان و بەشداری کردن لە راهێنانیاندا بەشێوەیەك کە ببێتە هۆی فراوانکردنی رۆشەنبیری یان ورادەی بەرهەمیان بەرز بکاتەوەوەو و ژیانی گشتی یان لە سەر رێ و شوێنی پەروەردەی فەرمانکاری و پەروەردەی درێژخایەن چاکتر بکا.

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەت بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکەی، ئەم کارانە دەکا:

١.دانانی ئەو سیاسەتە پەروەردەیی یەیانەی پەیوەندی یان لە مەیدانەکانی یەوە هەیە بەمەرجێك کە لە سروشتی کۆمەڵگای کوردستان لە پێویستی یەکانی و خواستەکانی پێشکەوتنی یەوە وەرگیرابن و دەشبێ تایبەتمەندێتیی نەتەوایەتیی کەمایەتی یەکانیان تێدا لەبەرچاو بگیری، هەر وەکو دەبێ وەهاش لەسەر بنچینەی هەلی چوون یەکی دارێژرابن کەببنە مایەی کیفایەتی سیستەمی فێرکاری.

٢.مسۆگەر کردنی توانای ئادەمیزادی و مادی خواستەکانی هونەری و رێك و پێکیی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەکانی پەروەردەو هەڵسەنگاندنیان.

٣.کردنی زمانی کوردی بە زمانی خوێندن لە گشت پلەکانیدا.

٤.کردنـی زمـانی کەمایـەتی یـەکان بـە زمـانی فێرکـردن لـە پلـەی سەرەتاییدا بۆ کۆڕو کالأنیان لەو ناوچانەدا کەتیایاندا نیشتەجێن. بەمەرجیٚ فیرکردنی زمانی کوردی تیایاندا ئیلزامی بیٚ.

ماددەی پێنجەم:

وەزارەت بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی ئەم کارانە دەکا:

١. مسۆگەر کردنی ئامادەکردنی مامۆستایانی سەرەتایی ئامادەیی و سەرپەرشـت کـارانی پـەروەردەو بەرپرسـیارانی بـەڕێوەبردنی خوێندن و سەرپەرشتی کردنی و سەر لە نویٚ راهێنانیان لە کاتی خزمەتیانـدا و توانـا خـستنە بـەریان بـۆ گەشەسـەندنی پیشەیی و زانستی و پشتگیری کردنی پایە و پلەیان.

٢ـپێکهێنانی دام و دەزگـای ئیـداری و هونـەریی پێویـست بـۆ نەخـشەدانان بـۆ خوێنـدن و بـەرێوەبردنی و سەرپەرشـتی کردنـی پەروەردەیی لە وەزارەت و پارێزگاکانی هەرێمدا.

٣ئامـادەکردنی بەرنامـەی خوێنـدنی سـەرەتایی و ئامـادەیی و پیشەیی و فێرکردنی تەمەنداران و ریٚ و شوێنی و کتێبی خوێندن و شـێوازەکانی هەڵسەنگاندن و تـاقی کردنـەوە، بـۆ بـەدی هێنـانی سیاسـەتی پـەروەردەیی و ئـەو نەخـشانەی لێـی دەوەشـێنەوە بـۆ گەشە پێدانی هەموو ئەوانە پشت بەستن بە تۆژینـەوەی زانستی و لێکۆڵینەوە.

٤ـ بایەخـدان بـە پـەروەردەی ئـایینی و رەووشـتی و ئاسـان کردنـی هـەل ومـەرجی بـەجیٚ هێنـانی فـەریزەکان و چەسـپاندنی شـێوەکانی

رەفتــاری دارێــژراو لەســەر بناغــەی لــێ بــوردن و هاریکــاری و راستگۆیی و دڵسۆزی لە قسەو لەکرداردا، لەگەڵ رەچاوە کردنی تایبەتمەندێتی کەمایەتی بە ئایینی یەکان لە هەرێمدا.

٥- بایەخدان بە پەروەردەی وەرزشی و هونەری لە گشت پلەکانی خوێندندا.

٦ــ مــسۆگەر کردنــی دامەزرانــدن و بــەرێوەبردنی قوتابخانــەی حکومەتی بە هەموو پلەو جۆرەکانی یەوە.

٧. سەرپەشتی کردنی قوتابخانە ئەهلی یەکان و رێنمایی کردنیان بۆ پەروەردەکردنی نەوەی نوێ بەپێی سیاسەتی پەروەردەیی و ئامانجەکانی.

٨. کردنەوەی قوتابخانەی تایبەتی بۆنەهێشتنی نەخوێندەواری.

٩ــدامەزراندنی مەڵبەندوپــەیمانگا بــۆ فێرکردنــی تەمەنــداران و راهێنانیان بە پێی شێوازەکانی پەروەردەی وەزیفی.

١٠. بایەخدان بە تەندروستیی قوتابخانەیی و خۆراکدان بە قوتابی یان و هەوڵدان بۆ ئەوەی بتوانن سوود لە رێنمایی پەروەردەیی و پیشەیی و لەو خزمەتگوزاری یە کۆمەلأیەتیانە وەربگرن کە بۆ گەشەکردن و خۆشگوزەرانی یان لە یاران وسوودیش لە وەختی دەست بە تاڵییان ببینن.

١١- بایەخدان بە خانووبەرەی قوتابخانەکان و بەشداری کردن لە دانانی نموونەی باش و مسۆگەر کردنیان بە دانانی نەخشەی پێویست بۆ دروستکردنیان.

١٢. بایەخدان بە تۆژینەوەی پەروەردەیی و سازدانی تاقیکردنەوەو سوود بینین لە ئەنجامەکانیان بە ڕێگای پەرەپێدانی نیزامی خوێندن و زیادکردنی توانای.

١٣. بایەخدان بە کتێبخانەی قوتابخانەکان و گەشە پێدانیان.

١٤ـ پتەوکردنی پەیوەندیی ڕۆشەنبیری لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی یە پەیوەندارەکان بەکاروباری پەروەردەوە، بەتایبەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی تایبەت بە پەروەردەو زانستی و ڕۆشەنبیری ((یۆنیسکۆ))، بۆ پەرەپێدانی ڕادەی ڕۆشنبیری و زانستی و پەروەردەیی لە هەرێمدا بە ئامانجی پەروەردەکردنی نەوە نویٚ یەکانی بەگیانی برایەتی و خۆشەویستی لە ناوگەلاندا.

**ماددەی شەشەم:**

١. فێرکردنی گشتیی نەوجەوانان لەم دوو پلە سەرەکی یەدا خۆی دەنوێنی:

أ . پلەی فێرکردنی سەرەتایی.

ب . پلەی فێرکردنی ئامادەیی.

٢. پلەی فێرکردنی ئامادەیی دابەش دەکرێتە سەر دوو ئاست:

أ . ئاستی خوێندنی ناوەندی.

ب . ئاستی خوێندنی ئامادەیی.

٣ـ باخچەی منداڵان پێش پلەی فێرکردنی سەرەتایی دیٚ وریٚ خۆشکەرە بۆی.

**ماددەی حەوتەم:**

**ماوەی خوێندنی سەرەتایی شەش ساڵە، ماوەی خوێندنی ئامادەییش شەش ساڵە.سێ ی بۆ خوێندنی ناوەندی، سێ یەکەی تریش بۆ خوێندنی ئامادەیی یەك لە دوای یەك. بۆ هەروەکوو وەزارەتی پەرەوەردە بۆی هەیە قوتابخانەی سەرەتایی کە ماوەی کەمتر بێ بۆ ئەوانە بکاتەوە کە لە تەمەنی خوێندنی سەرەتاییدان ولێی دواکەوتوون(تەمەن ١٠ ـ ١٥) دەشگونجێ یەك قوتابخانە تەنها بەشێك لە پلەیەکی خوێندن بگرێتەوە.**

**ماددەی هەشتەم:**

**١ـخوێندنی سەرەتایی گشتی و یەك جۆر دەبێ بۆ هەمووان و توانا وەبەرمندالآن دەخا تا هۆیە سەرەکیەکانی زانست و بنچینەکانی رۆشنبیری فێر ببن.**

**٢ـ خوێندنی ئامادەیی رێ بۆ نەوجەوانان خۆش دەکا کە بەهرەو ئارەزووی خۆیان دەسنیشان بکەن و پەرەیان پێ بدەن و لە رۆشنبیریدا قووڵ ببنەوەو پلە بەپلە پسپۆرایەتی لە بوارەکانی زانست وەربگرن وراهێنان لەسەر جێبەجێ کردنیان بکەن تا بەکردەوە لە ژیاندا بەکاریان بهێنن و درێژە بە خوێندنی باڵا بدەن، لەگەڵ بایەخ دانێکی تایبەتیدا بەباڵا دەستەکان.**

**ماددەی نۆیەم:**

**وەزارەت پۆل و قوتابخانە بۆ کەم ـ ئەندامان (المعوقین) ئەکاتەوە بەشێوەیەك کە بەگوێرەی شێوازی زانستیی نوێ چاودێری بکرێن.**

**ماددەی دەیەم:**

**١. فێرکردن لە پلەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی بە جۆرە جیاوازەکانیانەوە لە قوتابخانە رەسمی یەکاندا بە خۆرایین، هەر وەکوو لە پەیمانگاو ئەو مەڵبەندە رەسمییانەش دا کە لە ماددە دوانزدەی ئەم یاسایەدا هاتوون.**

**٢. فێرکردن لە پلەی خوێندنی سەرەتاییدا ئیلزامی یە.**

**ماددەی یانزدەیەم:**

**١. وەزارەت لە رێگەی بەرێوەبەرێتی ناوخۆیی یەوە (الادارە المحلیە) باخچەی ساوایان بۆ ئەوانە تەمەنیان کەمترە لە شەش ساڵە دەکاتەوەو بەڕێوەی دەبا.**

**٢. کاروباری وەرگرتن و خوێندن لە باخچەی ساوایاندا رێك دەخا.**

**٣. بەپێ پێرەوێکی تایبەت سەرپەرشتی باخچەی ساوایانی ئەهلی دەکا.**

**ماددەی دوانزدەیەم:**

**وەزارەت پەیمانگاو مەڵبەندی راهێنان و خولی پەروەردەیی پێگەیاندن و بازرگانی و کشتوکاڵی و پیشەسازی و هونەری تر بەگوێرەی داخوازییەکانی گەشەسەندن دەکاتەوە.**

**ماددەی سیایزدەیەم:**

**ماوەی ساڵی خوێندنی هەردوو پلەی فێرکردن لە ٣٢ حەفتە جگە لە پشووەکان کەمتر نییە. هەروەکو سەعاتەکانی خوێندنیش لە حەفتەدا لە (٣٠) سەعات**

کەمتر نییە. دەگونجێ لە کاتی پێویستدا وەزیری پەروەردە ئەمە بەبریارێك بگۆڕێ.

**ماددەی چواردەیەم:**

١ـ پرۆگرام و نەخشەی خوێندن و مەرجەکانی وەرگرتن و بەرێوەبردن وزەبت و ئەزموونەکان و باوەر نامە بۆ جۆرەکانی خوێندن بە هەردوو پلەکانیەوە کە لەم یاسایەدا کراون بەپێی چەند پێرەوێکی تایبەت دادەنێ کە وەزارەت روو نووسەکانیان (لائحە) ئامادە دەکا.

٢ـ وەزارەت بۆی هەیە تاقیمانە لە هەندێ قوتابخانە دا بکا کەرێکخستن و پرۆگرام و هۆیەکانی فێرکردن و شێوازی ئەزموونەکان بگرێتەوە، تا سوود لە ئەنجامە وەدەست هاتووەکانی وەربگرێ وبلاوی بکاتەوە.

**ماددەی پانزدەیەم:**

١. مەرجی ئەوەی بۆ فێرکردن لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا دادەمەزرێ کە بەشێوەیەکی پەروەردەیی بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کرابێ.

٢ـ مەرجە ئەوەی بۆ دەرس ووتنەوە لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکاندا دادەمەزرێ دەرچووی یەکێ لە کۆلێژەکان بێ وپسپۆر بێ لە یەکێ لە بوارەکانی خوێندنی ئامادەیی داو بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کرابێ.

**ماددەی شانزدەیەم:**

١. وەزارەتی پەروەردە کارمەندی فێرکردنی رادەهێنێ بە هاوکاری لایەنە پسپۆڕەکان نەخشەو بەرنامەی پێویست دادەنێ.

٢ـ وەزارەت بۆی هەیە خولی بەڕێوەبردن و هونەری وپیشەیی بەپێی پێویست بۆ کارمەندانی بکاتەوە.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

ئەو خەرجی فێرکردنەی ئەم یاسایە دەی گرێتەوە پشت بەو تەرخان کراوانە دەبەستێ کە لە بووجەی گشتیی هەرێمدا هاتووە.

**ماددەی هەژدەیەم:**

هیچ قوتابخانەیەکی ئەهلی و بیانی و باخچەی ساوایان دانامەزرێ و دانانرێ بەبێ ئیجازەی نووسراو ئەو مەرجانەی کە وەزارەت دایدەنێ و لە کاتی تازەکردنەوەی ئیجازەی قوتابخانەکەشدا ئەو مەرجانە رەچاو دەکرێن کەلەو پەیرەو ورێنماییانەدا هەن کە وەزارەت لەم بارەیەوە دەریان دەکا.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

بەپێی پەیرەوێکی تایبەتی کە وەزارەت دایدەنێ بەرنامەو نەخشەکانی خوێندن مەرجەکانی وەرگرتن و بەرێوەبردن و ئیش و کارو ئینزیبات و ئەزموونەکانی قوتابخانە ئەهلی و بیانی یەکان دادەنرێ و سەرپەرشتی هونەریان دەکرێ.

## پێکهاتووەکانی وەزارەت

**ماددەی بیستەم:**

**وەزارەت پێك دێ لە:**

**١. دەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت.**

**٢. بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا.**

**ماددەی بیست و یەکەم:**

**دەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت بریتین لە :**

**١. نووسینگەی وەزیر.**

**٢. نووسینگەی بریکاری وەزیر.**

**٣ نووسینگەی پەیوەندی یەکانی رۆشنبیری.**

**٤. بەرێوەبەرایەتی گشتیی فێرکردن.**

**٥ بەرێوەبەرایەتی گشتیی هەڵسەنگاندن و ئەزموونەکان.**

**٦. بەرێوەبەرایەتی گشتیی پرۆگرام و نەخشە پەروەردەییەکان.**

**ماددەی بیست و دووەم:**

**١. بە پەیڕەوێك هەیکەلی ئیداریی مەڵبەندی وەزارەت دەزگاکانی دیاری دەکرێ.**

**٢. وەزیر یا ئەوەی کە رایدەسپێرێ بۆی هەیە لیژنەی کاتیی بۆ جێبەجێ کردنی هەندێ ئەرکی دیاری کراوپێك بهێنێ.**

**ماددەی بیست و سێیەم:**

**وەزیر بۆی هەیە بەشێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە بریکاری وەزارەت یا سەرۆکی فەرمانگە سەرەکییەکانی وەزارەت بسپێرێ.**

**ماددەی بیست و چوارەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژی بڕیاردانی و دەرچوونیەوە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە کاری پێ دەکرێ.**

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمیدا بلاو دەکرێتەوەو لە سەر وەزیری پسپۆرو وەزارەتە پەیوەندارەکانە حوکمەکانی جێبەجێ بکەن.**

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستەکان

**بۆ بلاو کردنەوەی زانیاری و زانست تا نەوەی نوێی وورياو رۆشەنبیر لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بخوڵقێ و پێداویستی یە پێویستەکانی ئەم ئامانجە وەدی بێت ئاستی لێهاتوویی ئەنجامدانی کارکەرانی کەرتی پەروەردە بەرز بکرێتەوە وپشت بە تیۆری زانستیی سەمتە راست ورەوانەکانی پەروەردەیی ببەسترێ و شێوازی نەخشەکێشانی پەروەردەیی بۆ دیاری کردنی ئامانجەکان دیاری بکرێ و کامە پێشترە دیار بکرێ و پەرە**

بـەکردەوەی پـەروەردەیی جـۆریی و چـۆنێتی بـدرێ. ئـەم یاسـایە دەرکرا.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١) لە ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لەیاسای ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢) و لەسەر داواکاریی وەزیری پەروەردەو رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢٣)یدا لە رۆژی (٢٠٠٠/١٢/١٧) یاساکاری ئەم یاسایەی کرد:

یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٠

یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٢)ی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان– عێراق

ماددەی یەکەم:

ئەمەی خوارەوە لە کۆتایی ماددەی دووەمدا دادەنرێ و دەبێتە بڕگەی سێیەمی ماددەکە:

١.وەزیربۆئیدارەی کاروبارو بەجێ هێنانی ئەرك و فرمانی هونەری و پەروەردەیی وەزارەتەکەیدا راوێژکاری دەبێ ببێ و کۆمەکی پێ بکەن، بەڵام نابێ لە (٣) سێ راوێژکاری زیاتر هەبن.

**ماددەی دووەم:**

ئەمەی خوارەوە لە کۆتایی ماددەی پێنجەمدا دادەنرێ و دەبێتە برگەی (١٥) پازدەهەمی مادەکە:

بـزاڤ پێـدانی تێکـەڵاوی وسەروسـەختی نێـوان قوتابخانـەو بیئـەی ناوچـــەکەیو پتـــەوکردنی رۆڵـــی ئەنجومەنـــەکانی باوکـــان ومامۆستایان.

**ماددەی سێیەم:**

مـــاددەی یـــازدەم هـــەموار دەکـــرێ و بـــەم شـــێوەیەی خـــوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١.وەزارەت باخـچەی سـاوایان بـۆ منـداڵانی تەمـەن لەشـەش سـاڵ خوارتر دادەمەزرێنیٚ.

٢.شەرت وشروتی وەرگرتن و خوێندن بۆ باخچەکانی ساوایان رێك دەخا.

٣.بەپێی پێنرۆیەکی تایبەت سەرپەرشتیی باخچەی ساوایانی ئەهلییش دەکا.

**ماددەی چوارەم:**

ئەمـەی خـوارەوە لـە کۆتـایی مـاددەی پازدەمـدا دادەنـرێ و دەبێتـە برگەی سێیەمی ماددەکە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

هـەڵگرانی بڕوانامـەی ماجـستێر و دکتـۆرا ئەوانـەی لـە مەسـلەکی تەدریس لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە کاردەکەن، هەموو مـاف

و ئیمتیـازاتێکی هاوشـانەکانی خۆیـان کـە لـە زانکۆکـان کاردەکـەن، هەیە.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەمـەی خـوارەوە لـە کۆتـایی مـاددەی شـازدەمدا دادەنـرێ و دەبێتـە بڕگەی سێیەمی ماددەکە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

وەزارەت بــە پێــی ڕێنمــایی تایبــەت هــەموو پێداویــستیەکی پەروەردەیی وەك کەلوپەل (اپـاپ) و کتێـب و لـەوازمی قوتابخانـەیی و شتی دیکەی لەو جۆرە بابەتانە ڕەنێودێنێ و فەراهەمیان دەکا.

**پێکهاتەکانی وەزارەت**

**ماددەی شەشەم:**

مـاددەی بیـست ویەکـەم کـە تایبەتـە بـە پێکهاتـەکانی مەرکـەزی وەزارەت هەمواربکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت:

١.بەڕێوەبەریی گشتیی دیوان، سەرەڕای ئەوانەش کە لـە پێڕۆکەیـدا پێوەی بەستراون، ئەمانەشی پێوە دەبەسترێ:

أ- نووسینگەی وەزیر.

ب- نووسینگەی بریکاری وەزارەت.

ج- نووسینگەی پێوەندییە ڕۆشنبیرییەکان.

٢.بەڕێوەبەریی گشتیی تەقویم و تاقیکردنەوەکان.

٣.بەڕێوەبــەریی گــشتیی فێرکــاریی ســانەوی و پیــشەیی و پەیمانگاکان.

٤.بەڕێوەبەریی گشتیی فێرکاریی سەرەتایی و باخچەی ساوایان و لەناوبردنی نەخوێندەواری.

٥.بەڕێوەبەریی گشتیی بەرنامە و ئامرازی فێرکاری و پلان دانانی پەروەردەیی.

٦.بەڕێوەبەریی گشتیی بزاڤی وەزرشی و دیدەوانی و هونەری.

٧.بەڕێوەبەریی گشتیی خوێندنی سریانی.

٨.بەڕێوەبەریی گشتیی خوێندنی تورکمانی.

**ماددەی حەوتەم:**

بڕگەی دووەمی ماددەی (بیست ودووەم) هەمواردەکرێ و لە کۆتاییدا بڕگە (٤,٣) یشی بۆ زیاد دەکرێ، وەك ئەمانەی خوارەوە:

١.وەزیر بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی و لیژنەی ڕەفتەنی کە خۆی بەزەرووری بزانێ پێك بهێنێ و بنەما و بەندو بەست (چوابگ) و ئیختیصاص وخەڵاتیان بەپێی ڕێنمایی بۆ دیار بکا، تا ئەرك و فرمانێ کە پێیان دەسپێردرێ پیادەی بکەن و راوێژو ئامۆژگارییی هونەری و پەروەردەیی و ئیداری و یاسایی پێشکەش بکەن، بۆیشی هەیە سوود لە شارەزاو پسپۆر و لایەنی دیکەی پێوەندیداریش لە دەرەوەی وەزارەتیش وەربگرێ.

٢.وەزیر بۆی هەیە، لەسەر ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران لە قەزایەکاندا کاتێ پێویست بکا بەڕێوەبەرییی پەروەردە بکاتەوە کە

هەندێ لـە کـارە تایبەتیـەکانی بەڕێوەبـەریی گشتیی پـەروەردە لـەو یەکە ئیدارییەدا بە پێی ڕێنمایی پێویست بگرێتە ئەستۆی خۆ.

١. وەزیر بۆی هەیە، کاتی پێویست بەڕێوەبەری و بەش و هۆبە لـە پێکهاتەکانی وەزارەتدا بکاتەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیـر بـۆی هەیـە ڕێنمـایی و پێـڕۆی نـاوخۆ بـۆ ئاسـان کردنـی بەکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی نۆیەم:**

هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێ، کاری پێ ناکرێ.

**ماددەی دەیەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە کار.

**ماددەی یازدەم:**

ئـەم یاسـایە لـە ڕۆژی بڵاوکردنـەوەی لـە وەقـایعی کوردسـتاندا، دەخرێتە کار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

**پشت بە حوکمی بڕگە(١) ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢) ی، هەموار کراوو، لە سەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستاذ عیراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە (١٨)ی رۆژی (٦/١١/٢٠٠٦) ی خۆیدا، بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:**

## یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٦

**یاسای دووەم هەموارکردن بۆ یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە(٤) بۆ ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.**

**ماددەی یەکەم:**

**بڕگەی (٦) لە ماددەی(یەکەم)دا هەڵدەوەشێنرێتەوە.**

**ماددەی دووەم:**

**بڕگە(٣) لە ماددەی دووەم هەمواردەکرێ‌و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:**

**(وەزیر، چەند ڕاوێژکارێکی دەبێ، نابێ ژمارەیان لە چوار زێتر بێ.لە بەرێوە بردنی کاروباری وەزارەت، و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی تەکنیکی و پەروەردەیدا یارمەتی دەدەن، بەمەرجێك هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆو شارەزاو پیادەکاربن).**

**ماددەی سێیەم:**

مـاددەی سـێیەم هەڵدەوەشـێنرێتەوەو، ئەمـەی خـوارەوە جێگـەی دەگرێتەوە:

(ئامانجی وەزارەت:-پێگەیاندنی نەوەیەکی خوێندەوارو هۆشیارو نیشتمان پەروەرو، دەستپێك بە بیرکردنەوەی زانستی و، گۆشکراو بە زانست ومەعریفەو ئاکاری باش ولە خۆگر بۆ دەرهاوێشتەکانی پەرەسەندنی شارستانی و، زانا بە مافەکانی مرۆڤ و، بڕوادار بە سەرەتاکانی دیموکراسی وهاوولاتی بوون وئەرکەکانی و، تێگەیشتوو بۆ سەربەستی وبەرپرسێتی لە کەمەرەی کۆمەڵگەداو، فەراهەمکردنی هەلی فێربوون بۆ هەرکەسێك ئارەزومەند بێ یان پێویستی پێی هەبێت).

**ماددەی چوارەم:**

بڕگەی (٤) لە ماددەی چوارەم هەمواردەکرێ و، بڕگەیەکی دیکەش بۆ ماددەکە زیاد دەکرێ و دەبێتە بڕگەی (٥) و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

٤.زمانەکانی تورکمانی وسریانی وئەرمەنی دەکرێت بە زمانی فێرکردن لەو ناوچانەدا کە ئەوانەی بەم زمانانە دەدوێن چرییەکی نیشتەنی پێك دەهێنن، بە پێی بەندو بەستی (چوابگ)پەروەردەیی، بەمەرجێك فێرکردنی زمانی کوردی وعەرەبی ئیلزامی بێت.

٥.گۆرینی بەرنامەکانی خوێندن، بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بە پێی داخوازیەکانی سەردەم، بە جۆرێك لەگەڵ سیاسەتی

پرۆسـەی پـەروەردەیی وپەرەپێـدان، لـە هـەرێمی کوردسـتان گونجا بێت.

**ماددەی پێنجەم:**

هـەردوو بڕگـەی (١)و(٤) لـە مـاددەی پێنجـەم هـەمواردەکریٚ وبـەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

مسۆگەر کردنـی ئامادەکاری و پێگەیانـدنی مامۆسـتا و وانەبێـژان وسەرپەرشـــتیارە پەروەردەییـــەکان وبەرپرســـانی بـــەڕێوەبردنی فێرکاری وسەرپەرشت ومەشق پێکردنەوەیان لە کاتی خزمەتدا و، بە توانا کردنیان لە گەشەسەندنی پیشەییو زانیستیداو، پشتگیری لـە پلەوپایـەیان بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتـی فێرکردنـی بـاڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزارەتە پێوەندیدارەکاندا.

٤. گرنگیـدان بـە پـەروەردەی ئـاینی و ڕەوشـت، بـە پێـی بنـەماکانی لێبوردەیی وهاوکاری و ڕاستگۆیی ودلسۆزی، بە گوفتارو بەکردار.

**ماددەی شەشەم:**

مــاددەی نۆیــەم هەڵدەوەشــێنرێتەوەو، ئەمــەی خــوارەوە جێگــەی دەگرێتەوە:

وەزارەت، پــۆڵ وقوتابخانــە، بــە پێــی شــێوازی زانــستی نــویٚ دادەمەزرێنیٚ بۆ چاودێریی:

أ.ئەوانەی خاوەن پێویستیەکانی پەروەردەیی تایبەت.

ب.سەرکەوتووەکان وبەهرەداران (الموهوبين).

**ماددەی حەوتەم:**

**مـاددەی بیـست ویــەك هــەمواردەکرێ وبــەم شـێوەیەی خــوارەوە دەخوێنرێتەوە:**

**پێکهاتەکانی ناوەندی وەزارەت پێك دێت لە:**

**١.نوسینگەی وەزیر.**

**٢.نوسینگەی بریکاری وەزارەت.**

**٣.بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.**

**٤.بەڕێوەبەرایــەتی گــشتی بەرنامــەکان وشـێوازەکانی فێرکـاری وچاپەمەنیەکان.**

**٥.بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزش وهونەر.**

**٦.بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتی باخـــچەی ســـاوایان وخوێنـــدنی سەرەتایی.**

**٧.بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتی ڕاســـتکردنەوەو تاقیکردنـــەوەو بڕوانامەکان.**

**٨.بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی دواناوەندی وپیشەیی‌یەکان.**

**٩.بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی پەروەردەیی.**

**١٠.بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی تورکمانی.**

**١١.بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی سریانی.**

**١٢.بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکان ومەشقکردن.**

**١٣.بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتکردنی پەروەردەیی.**

**١٤.بەڕێوەبەرایەتی گشتی بینایە وکارگەکان.**

**ماددەی هەشتەم:**

**ئەمەی خوارەوە دەخرێتە سەر دواوەی ماددەی بیست ودووەمی هەموارکراوو، دەبێتە بڕگەی(٥) لە ماددەکە:**

**٥ .أ. وەزیر بۆی هەیە رێکەوتن لەگەڵ شارەزایانی عێراقدا ببەستێ.**

**ب. وەزیر بۆی هەیە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران رێکەوتن لەگەڵ بیانیەکان یان کۆمپانیاکاندا ببەستێ کەڵك لە ئەزمونیان وەربگیرێ لەو بوارانەدا کە خۆی بە پێویستی دەزانێ، یان پێویستیان بە خزمەتگوزاریەکانیان هەیە.**

**ماددەی نۆیەم:**

**ئەم ماددەیەی خوارەوە بۆ یاساکە، دووبارە بە زنجیرەی ماددەی بیست ودووەم زیاد دەکرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:**

**ماددەی بیست و دووەم (دووبارە)**

**یەکەم: وەزارەت بە پێی پێڕۆ پەیمانگەکانی مامۆستایان وهونەرەجوانەکان ومیوانداری (الفندقە)و گەشتوگوزارو ئیدیکەش دەکاتەوە.**

**دووەم: خوێندنی پیشەیی ولقەکانی بە پێڕەو رێك دەخرێت.**

**ماددەی دەیەم:**

**ئەم ماددەیەی خوارەوە بۆ یاساکە، دووبارە بە زنجیرەی ماددەی حەوتەم زیاد دەکرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:**

**ماددەی حەوتەم (دووبارە)**

دەشێ ماوەی خوێندن، بە گواستنەوە بۆ پۆلیکی بەرزتر کورتبکرێتەوە. هەموو کاروبارێکی گواستنەوەش بە ڕێنمایی دیار دەکرێ.

**ماددەی یانزەم:**

ئەم ماددەیەی خوارەوە بۆ یاساکە دووبارە بە زنجیرەی ماددەی بیستەم زیاد دەکرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

**ماددەی بیستەم (دووبارە)**

پێویستە، بەرێوەبەری گشتی پەروەردە، ئەم خەسڵەتانەی خوارەوەی تێدا بەدی بکرێت:

أ.دەبێ بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بە دەست هێنا بێ و، خزمەتیشی لە پەروەردەدا، لە(١٥) ساڵ پتربێ.

ب.بە کەسایەتی بەهێزو دەستپاکی وناوبانگی باش ناسراوبێ ولە نێو ئەندامانی دەستەی وانە بێژان وماموستایاندا شارەزاو بەتوانا بێت.

**ماددەی دوانزەم:**

وەزیر، بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ساناکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی سیازدەم:**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێ، لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێت.

**ماددەی چواردەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پانزەهەم:**

**ئـەم یاسـایە لـە ڕۆژی دەرچـواندنیەوە جێبـەجێ دەکـرێ و، لـە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.**

**عدنان رەشاد موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

**بـە هـاوڕا، لەگـەڵ ئامانجـەکانی ئـەم قۆناغـەدا، کـە گرینگیـدانی شایستەی بە کەرتی پەروەردەوە، پێوەدیارە، تا بە شێوەیەکی کارا لــە بزاڤــی پەرەســندن وپێــشکەوتندا، کــە هــەرێمی کوردســتان دەیبینــێ، بەشـداری بکـاو، وەزارەتـی پـەروەردەش توانـستی پـێ بـدرێ شــانبە شــان لەگــەڵ پەرەســەندن وپێــشکەوتنی زانـستی وشارستانیدا پێ هـەڵگرێ وئامانجەکانی ئەم وەزارەتـە زامن بکـرێ و، بۆ وەدی هێنـانی ئـەوەش، زێتر کاراو بە توانا بکرێ، بۆیـە ئـەم یاسایە دانرا.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

**پشت بە حوکمی بڕگە(١)لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموارکراو و لەسـەر داوای ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان ـ عێـراق، ئەنجومـەنی نیشتمانیی کوردسـتان –**

**عێـراق، لـە دانیـشتنی ژمـارە (١٤)ی ڕۆژی (٢٢/١٠/٢٠٠٧) یـدا بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:**

**یاسای ژمارە( ٢٧ )ی ساڵی / ٢٠٠٧**

**هەموارکردنی سێیەمی یاسای وەزارەتی پەروەردەی**

**ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو**

**ماددەی یەکەم:**

**بڕگەی سێیەم لە مـاددەی پێنجـەم لـە یاسـاکە هـەموار دەکرێ و بـەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:.**

**٣.ئامـادەکردنی بەرنامـەکانی خوێنـدنی بنـەڕەتی و ئامـادەیی و پیشەیی و فێرکردنی گەوران و هۆیەکانی و کتێبی خوێندن، لەگەڵ ئامـادەکردنی شـێوازی هەڵـسەنگاندن و ئەزموونـەکان بۆیـان ، تـاکو سیاسەتی پەروەردەیی و پلانەکانی بەدی بهێنرێن و پەرە بە هەموو ئەوانە بدات بە پشت بەستن بە باسی زانستی و لێکوڵینەوەکان.**

**ماددەی دووەم:**

**مـاددەی شەشـەم لـە یاسـاکە هەڵدەوەشـێتەوە و ئەمـەی خـوارەوە جێی دەگرێتەوە:.**

**یەکـەم: فێرکردنـی گـشتی بـۆ تـازە پێگەیـشتووان لـە دوو قۆنـاغی سەرەکی ڕێك دەخرێ کە ئەمانەن:**

**١.قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی و ماوەی خوێندنەکەی (نۆ) ساڵە.**

**٢. قۆناغی فێرکردنی ئامادەیی و ماوەی خوێندنەکەی (سێ) ساڵە.**

دووەم: باخـچەکانی ساوایان: پـێش قۆنـاغی فێرکردنـی بنـەرەتی دەکەوێ و ریّ خۆشکەریەتی.

**ماددەی سێیەم:**

مــاددەی حەوتــەم لــە یاســاکە هــەموار دەکــرێ و بــەم شــێوەیە دەخوێنرێتەوە:

وەزارەتـی پـەروەردە بـۆی هەیـە قوتابخانـە بـۆ فێرکردنـی بنـەڕەتی ماوە کورت تر دابمەزرێنێ بۆ ئەوانەی لە تەمەنی فێرکردنن و لە چوونە بەرخوێندن لەو قۆناغە (تەمەنی ١٠–١٨) ساڵی دواکەوتوون و دەشێ قوتابخانەکە بەشێك لە قۆناغی فێرکردنەکە بگرێتەوە بە رەچـاوکردنی تەمــەنی تــاز پێگەیــشتووەکان و بــاری ژینگــە و پێویستییەکانی ئابووریی فێرکرنەکە.

**ماددەی چوارەم:**

مــاددەی هەشــتەم لــە یاســاکە هــەموار دەکــرێ و بــەم شــێوەیە دەخوێنرێتەوە:.

یەکـەم: فێرکردنـی بنـەڕەتی گـشتی و یـەکگرتووە بـۆ هـەمووان و منداڵ ومێردمنداڵان وا لێ دەکات کە ئامرازی زانیاریی بنـەڕەتی وبنچینەکانی رۆشنبیریی وەرگرن و ئارەزوو و توانایان دەربخەن.

دووەم: خوێنــدنی ئامــادەیی گــشتی و هەمــە جــۆرە، مــاوەی فراوانبــوونی رۆشــنبیریی و پێــشکەوتن پــێ بــە پــێ دەدات بــۆ وەدەست هێنانی پسپۆری زیاتر لە بوارەکانی زانیاری و مەشق کردن لەسەر پیادەکردنیان تاکو بشێن بۆ ژیانی زانستی و بەردەوام

بــوون لەســەر خوێنــدنی بــالاَ لەگــەڵ گرنگــی دانــی تایبــەتی بــە بەهرەداران.

**ماددەی پێنجەم:**

مــاددەی دەیــەم لــە یاســاکە هــەمواردەکرێ و بــەم شــێوەیە دەخوێنرێتەوە:.

یەکــەم: فێرکــردن لــە هــەردوو قۆنــاغی بنــەڕەتی و ئامــادەیی بــە خۆراییە لە قوتابخانە فەرمیەکاندا ، هەروەها لە پەیمانگاو مەڵبەندە فەرمییەکانی کە لە ماددەی دوازدەمی ئەم یاسایەدا هاتوون.

دووەم: فێرکردن لە قۆناغی بنـەڕەتی تەوزیمیـە بـۆ ئەوکەسـانەی کـە لەسەرەتای ساڵی خوێندن یان لـە (٣١)ی مانگی کانوونی دووەمی ئەو ساڵە شەش ساڵ لە تەمەنیان تەواو دەکەن.

**ماددەی شەشەم:**

هــەردوو برگــەی یەکــەم و دووەم لــە مــاددەی پــازدەمی یاســاکە هەمواردەکرێن و بەم شێوەیە دەخوێندرێنەوە:.

١.مەرجـە ئـەو کەسـەی بـۆ فێرکـردن لـە قوتابخانـە بنەڕەتیـەکان دادەمـەزرێ بـە شـێوەیەکی پـەروەردەیی و زانستی ئامـادەکرابێ و واپەسندیشە خاوەنی بڕوانامەی بـەرایی زانکۆ بێت، بە تایبـەتیش دەرچووانی کولێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی.

٢.مەرجە ئەو کەسەی بۆ دەرس گوتنەوە لە قوتابخانە ئامادەییەکان دادەمـەزرێ، لـە یـەکێك لـە کۆلێجـەکان دەرچـووبێ، پـسپۆڕبێ لـە یــەکێك لــە مەیدانــەکانی خوێنــدنی ئامــادەیی و بەشــێوەیەکی

پـەروەردەیی و زانـستی ئامـادە کرابـێ و دەرچـووی کۆلێجـەکانی پەروەردە پەسندترە.

**ماددەی حەوتەم:**

هەردوو بڕگەی شەشەم و هەشـتەم لـە مـاددەی بیـست و یەکەمدا لـە یاساکە هەمواردەکرێن و بەم جۆرە دەخوێندرێنەوە:.

١.بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتی فێرکردنـــی بنـــەڕەتی و باخـــچەکانی ساوایان.

٢. بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی.

**ماددەی هەشتەم:**

کـار بـە هـیچ دەقێکـی یاسـایی یـا بڕیارێـك نـاکرێ گـەر لەگـەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویـستە لەسـەر ئەنجومـەنی وەزیـران و لایەنـە پەیوەندیـدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لـە رۆژنامـەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**